# پێوەندیی میرنشینە کوردییەکان لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی

# لە دەرکەوتنی سەفەوییەکانەوە تا پەیماننامەی ئاشتی زەهاو (١٥٠١- ١٦٣٩)

فاتیح مستەفایی

ئەنجومەنی فەرهەنگی - ئەدەبی مەریوان- کومیتەی مێژوو- مەریوان/ ئیران

**پوختە**

یەکێ لەو ڕووداوانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەت، فەرهەنگ، کۆمەڵگای کوردی و چارەنووسی میرنشینە کوردییەکان داناوە، دەرکەوتنی ئیمپراتۆریی سەفەوەی بوو. دەرکەوتنی ئەم دەوڵەتە توند ئاژۆیە توانی ئاقار و ڕەوتی خێڵ و هۆزەکانی کورد بگۆڕێ و میرنشینەکانی بەرەو هەڵدێر پاڵ پێوە بنێت. لەم توێژینەوەیەدا، بە شێوەی مێژوویی - شیکاریی لە ڕووی بەڵگەنامە وکتێبی مێژووییەوە، بە وردی بەدوادا چوون بۆ بەستێنی درووستبوونی سەفەوی، پێوەندی و کارتێکەرییان لەسەر میرنشینە کوردییەکان و چارەنووسی سیاسی، کارگێڕی و فەرهەنگی کوردستان دەکرێت.

بە گوێرەی درئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، دەرکەوتنی ئەم دەوڵەتە کە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیی جیاواز لە کوردان و خەڵکی ناوچەکەی هەبوو، تا گەیشتن بە لووتکەی دەسەڵات، هەوراز و نشیوی زۆری هەبووە و بە تەواوی پێگە و چارەنووسی نە تەنیا میرنشینەکانی بەڵکوو گشت کوردی گۆڕی و تا ئێستاش کورد باجی درووستبوونی ئەو دەوڵەتە دەدات.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کلیل وشە: کورد، میرنشینە کوردییەکان، سەفەوی، عوسمانی، پەیماننامەی زەهاو.*

## پێشەکی

بەگوێرەی گەڕانەوە بۆ مێژوو، لە سەر خاکی کوردستان زۆر ڕووداوی گەورە ڕوویداوە وەک هاتنی عەرەبی موسڵمان، درووستبوونی میرنشینە کوردییەکان و هەروەها

دەرکەوتنی دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوی بە ئایدیۆلۆژیای تایبەتی خۆیانەوە، کە هەرکام لەمانە کاریگەریی خۆی لە سەر کورد و **میرنشینە کوردییەکان** داناوە و تا ئەمڕۆش کورد بەو ئازارەوە دەتلێتەوە. بەشێک لەو ڕووداوانە لە پەراوێزدا ماونەتەوە و وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت، باسیان لێنەکراوە و گرنگییان پێنەدراوە.

هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان ئەم خاکەی کردووە بە ناوەندی ململانێ و پێکدادان. کوردیش نەخوازراو تێوەگلاوە. خێڵ و هۆزە کوردکان بوون بە بەشێ لە ململانێکان. میرانی کورد بە پێی پێویست و ڕادەی تێگەیشتن و ئاستی ڕووداوەکان هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەراوسێکاندا کردووە. بەڵام بە پێی توێژینەوە و بەدواداچوونەکانی ئەمڕۆ ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە میرنشینەکانیش لەم شەڕ و ململانێیەدا کاریگەر بوون و هەروەها شەڕەکانیش لەسەر ئەمان کارتێکەر بووە. بۆیە لەم توێژینەوەدا "پێوەندی میرنشینەکوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی **سەفەوی**" لە دەرکەوتنی سەفەوییەوە تا پەیماننامەی **ئاشتی زەهاو** (١٥٠١-١٦٣٩ز) دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەم تەوەرە نەخوازراو، بۆ لای عوسمانیش پاڵمان پێوە دەنێت.

مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە، دۆزینەوەی وڵامی ئەم پرسیارانەیە کە:

- چ پەیوەندییەک لە نێوان دەوڵەتی سەفەوی و میرنشینە کوردییەکاندا هەبووە؟ ئاقار و چارەنووسی هۆزەکانی چۆن گۆڕیوە؟ و...

پێویستە بە ئاماژەیە کە پێشتریش توێژەران و لێکۆڵەرانی دیکەی مێژووی کورد، لە ڕوانگە و ڕەهەندەیترەوە ئەم باسەیان هێناوەتە ئاراوە وەکوو: قوباد مەنسوور بەخت، د. مودەڕیس سەعیدی لە ژێر ناوی" تأثیرات تنش میان صفویه و عثمانی بر جایگاه امیرنشین اردلان"، هەروەها توێژینەوەی بەڕێزان "سیاوەش یاری"، "مورتەزا ئەکبەری"، "تالب خەزان" لە ژێر ناوی "واکاوی علل و عوامل سیاست جا بە جایی کردها در دوره شاه عباس اول" ئەنجام دراوە. سەرەڕای ئەمانەش لەم وتارەدا کەڵکم لە ڕێنموونی بەڕێزان د.مودەڕیس سەعیدیی و مامۆستا شەهریار شەریفزادە وەرگرتووە، مەمنوونیان هەم.

جیاوازی ئەم توێژینەوە لەگەڵ توێژینەوەکانیتردا لەوەدایە کە سەرەڕای کەڵکوەرگرتن لە زانیاری و ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرانیتر، بە شێوەی شیکاری قووڵ تیشک دەخاتە سەر کێشە لەبن نەهاتووەکانی گەلی کورد و پیشانی خوێنەران (و ئامادەبووان) دەدرێت.

**١- كوردستان لە سەرەتای درووستبوونی دەوڵەتی سەفەویدا:**

لە دوای نەمانی دەسەڵاتی سەلجۆقییەکان(٧٠٨ -٩٣٩ک/١٠٧٧-١٣٠٨ز) و هەڵوەشانەوەی حکوومەتی ئێلخانەکان(٦٣٦-٧٣٦ ک/١٢٥٦-١٣٥٦ز) قۆناغێک لە ئاڵۆزی و شێواوشێوی دەستپێکرد کە تایبەتمەندیی بەرچاوی، درووستبوونی بۆشایی دەسەڵات و سەرکێشی ئەو هێزە خێڵەکییەکانە بوو کە پێشتر و بە شێوەی کاتی لە هەڕەتی دەسەڵاتداری ئەو حکوومەتانەوە سەرکوت و کونترۆڵ کرابوون. "بەم بۆنەوە سەرۆک خێڵ و هۆزەکان بە خۆیاندا هاتنەوە. لەم دۆخە کە دەکرێت پێی بڵێین سەردەمی گەشانەوە، بڕێ لە هۆز و تیرەکان، بە تایبەت تورک و مەغوڵ، بۆ پاراستنی شوناس و بوونێتی خۆیان، بە پشتبەستن بە هێزی سەربازی و خێڵەکییەوە،کەوتنە چالاکی و هێزیان لە خۆ کۆکردەوە و دەرکەوتن. (حسن‌زادە، ١٣٧٩:١٣)

لە نەبوونی دەوڵەتێکی بەهێز و بەردەوام و سەقامگیری ناوەندی، دوای هەرەس‌هێنانی ئێڵخانەکان تا دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی(لە ساڵی ٧٣٦-٩٠٧ک/١٣٣٦-١٥٠٧ز)، میرنشین و دەسەڵاتە بچکۆلە خۆجێیەکان بووژانەوە و گەشەیان کرد. ئەگەرچی لەم سەردەمەدا تەیمووره شەل دەسەڵاتی(٧٣٦- ٩٠٧ک/ ١٣٣٦-١٤٠٥ز) بە دەستەوە گرت، بەڵام لەبەر ڕەوتی کاتی و پەرتەوازەبوونی مەودای قەڵەمڕەوەکەی، ئەونەدەی نەخایاند و دەسەڵاتی خێڵ و میرنشینەکان وەک خۆی مایەوە و لە کوردستانیش بە شێوەی جیدی پێشی پێ‌نەگیرا و بە گوێڕایەڵیی دەسەڵاتدارە خۆجێیەکان ڕازی بوو. لە سەردەمی دەسەڵاتی جێ‌گرەوەکانی تەیمووریشدا، ئەگەرچی ئەوانیش دەسەڵاتێکی بەردەوام و ڕاستەوخۆیان بە سەر کوردستاندا نەبوو، هەروەها تورکمانەکانیش کە یەکێتیەکی ناکۆجێ و لەرزۆکی خێڵەکان بوون، بەو بۆنەوە هەلی گونجاو بۆ گەشەی میرنشین و هێزە خێڵەکییەکانی کورد ڕەخسا. (شامی،١٣٦٣: ١٥٧)( بدلیسی، ١٣٤٣: ج١، ٣٧٢- ٣٧٣)(سعیدی،١٤٠٢: ٦٣١).

لە سیستەمی دەسەڵاتداری خێڵەکیدا، سەرۆک ئێڵ و خێڵەکان وەکوو نوێنەری دەسەڵاتی ناوەندی، کاروباری ناوچەی خۆیان بەڕێوە دەبرد و لە پێناو هەوڵدان بۆ سەرخستنی یەکێتیەکەدا، بەشی خۆیان هەڵدەگرت. "بڕێ لە هۆزەکانی کورد وەک سلێمانی و زەرقی[1]، خۆیان بە یەکێتی قەرەقویونلووە[2] بەستەوە و سەرەڕای پاراستنی ئیمتیازی پشتاوپشتی و سەربەخۆیی خۆیان، لە دەس‌کەوتەکانی یەکێتیشدا بەشیان بەرکەوت (حسن‌زادە، ٩٦:١٣٧٩). لە فێدراسیۆن و دەسەڵاتی ئاققویونلووشدا بڕێ لە خێڵەکانی کورد وەک پازووکی، چگنی، چەمشگەزک و ئەکیل... ڕۆڵی چالاکیان گێڕاوە (هەمان، ل٧٨).

تەنیا لە سەردەمی ئوزۆن حەسەن(٨٢٣-٨٧٨ک/ ١٤٢٤-١٤٧٨ز)، ئەمیری دەسەڵاتداری ئاققویونلوو[٣]دا بوو کە هەوڵی جیدی درا بۆ دروستکردنی ڕادەیەک ناوەندخوازی لە ئیدارەی کاروباری وڵات و کۆنترۆڵکردنی میرانی کوردستان. قەڵا و ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی یەک لە دوای یەک گرت و ساڵی ٨٦٦ ک(١٤٦١ز)ئەمیر خەلەفی کوشت و کۆتایی بە دەسەڵاتی یەکێک لە لقە کۆنەکانی بنەماڵەی ئەیوبی حەسەن کیف هێنا. دوای ئەوەش لە ساڵی (٥٨٧ک/١٥٢٤ز) هەرەسی بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی جزیرە، بدلیس، سەعرد، هەکاری، تەرجیل و چەمشگەزک هێنا و بە تەواوی کوردستانی گوێڕایەڵی خۆی کرد. سەرەڕای ئەم سەرکەوتنانە، لە ساڵی (٨٧٨ک/١٤٧٣ز)دا، ئوزۆن حەسەن لە سوڵتان محەممەدی فاتح شکستی خوارد و ئەم پرۆسەیە تووشی وەستان هات. ئەم شکستە خاڵی دەستپێکی دابەزین و داکشانی حکوومەتەکەی ئاققۆیۆنلوو و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتدار بوو. دوای کۆچی دوایی ئوزۆن حەسەن، بە تایبەت لە کۆتایی ڕۆژانی سەردەمی ئاققۆیۆنلووەکاندا، شەڕی ناوخۆ لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەکەیان بەردەوام بوو تا دواجار ڕێگەی بۆ شائیسماعیلی سەفەوی(٩٠٧-٩٣٠ک/١٥٠١-١٥٢٣ز) بۆ داگیرکردنی ناوچەکە خۆش کرد.

"هەروەها ماوەی نێوان شکستی ئۆزۆن حەسەنی ئاققۆیۆنلوو لە عوسمانییەکان و هەتا هاتنە سەرکاری شائیسماییلی یەکەم سەردەمی بڕەوی میرنشینە کوردییەکاندا. لەو ماوەیەدا میرنشینە کوردییەکان بە کەڵکوەرگرتن لەو بۆشاییەیدەسەڵاتە کە لە ناوچەکەدا سەریهەڵدابوو، تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی ناوخۆییان بەدەستهێنا و تەنانەت ئەوانەی لە سەردەمی دەسەڵاتی تورکمانەکاندا لەناو چووبوون، دیسان بووژانەوە(بدلیسی، ١٣٤٣:٣٧٣).

لە باشووری گۆلی ورمێ، کە ئێستا بە ناوچەی موکریان ناسراوە، میرێک بە نێوی سەیفالدین، کۆمەڵێک خێڵی کوردی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و لە دژی تورکمانەکان شۆڕشیان کرد. لە سەردەمی ئوزۆن حەسەندا، میرنشینی بدلیسیش بۆ ماوەی بیست ساڵ تێکەڵ بە خاکی ئاققۆیۆنلووەکان کرا، بەڵام لەگەڵ لاوازیی حوکمڕانییان، میرشامحەممەد، فەرمانڕەوای عەشیرەتی ڕۆژەکی، موڵک و ماڵی میراتی لە تورکمانەکانەوە ئەستاندەوە.(روژبیانی، ١٣٨١: ٥٥)

بارودۆخی ناوچەکانی تری کوردستانیش هاوشێوە بوو. زۆرێک لە میرانی کورد لە تورکمانەکان یاخیبوون و لە ناوچەکانی خۆیان دەریان کردن، وەکوو میرشەرەف

کوڕی میربەدر لە جزیرە و مەلیکخەلیلئەیوبی لە سیرت و حەسەنکەیف و شێخحەسەن لە چەمشــگەزک. هەروەها میرنشــینی ئەردەڵان، کە لە قۆناغی دوای ڕووخانی ئیلخانان لە شـارەزوور و بەشـێک لە ناوچەکانی ناوەڕاسـتی کوردسـتان پێکهاتبوو، لەم قۆناغەدا گەیشـــتە ئەوپەڕی پانتایی و ســـەربەخۆیی خۆی و فەرمانڕەواکەی واتە مەئموونبەگی یەکەم (٨٦٢-٩٠١ک/١٤٥٧-١٤٩٥ز) توانی نـاوچەکـانی کۆی، هەریر و هەولێر کە لە ســـەردەمی یەکێک لە حاکمەکانی پێشـــوودا داگیرکرابوون، ســـەر لە نوێ بخاتەوە ڕکێفی دەسەڵاتداریی ئەردەڵان.(بدلیسی، ١٣٤٣: ٨٤-٩٥-٣٦٩-٣٧٣)

بە هۆی شەرەفنامەوە وێنەیەکی تاڕادەیەک ڕوونمان لە دۆخی سیاسی کوردستان لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانی سەفەویدا هەیە. گوایە ناوچە کوردنشینەکان لە نێوان دەیان میر و سـەرۆک هۆزی کورددا دابەش ببوو کە لە کۆتایی سـەدەی نۆهەم و سـەرەتاکانی سـەدەی دەی کۆچیدا، بە شـێوەی میراتگیری حوکمڕانیی ناوچەکەی خۆیانیان دەکرد. "بدلیسـی بە دیاریکراوی باسـی ٣٢ میری بچووک و گەورە دەکات کە سـەفەوییەکان لە کاتی پێشـڕەوییان لە ناوچە کوردنشـینەکاندا پەیوەندییان لەگەڵیاندا بووە. وا دیارە ژمارەی ڕاســـتەقینەی میرنشـــینەکان لەوە زیاتر بووبێت، چوونکە زۆربەیان و بەتایبەت میرەگەورە و بەدەسەڵاتەکانیتر، چەند میر و سەرۆکهۆزی بچکۆلەتریان لەژێر فەرمانی خۆیاندا هەبوو". (بدلیسـی، ١٣٤٣: لل ٥٨٦-١١٧) ئەولیا چەلەبی گەشـتیاری تورک کە لە نیوەی دووەمی سەدەی دەیەمی کۆچیدا سەردانی میرنشینی بدلیسی کردووە، سەبارەت بە ئەبـداڵخـان حـاکمی بـدلیس دەڵێـت کە: "لەو ســـەردەمەدا ٧٢ ئێـڵ و هۆز هۆگر و شـــوێنکەوتووی بوون، یەکێکیـان نـاوی عەلیبەگ لە هۆزی مۆدەکی بە تەنیـا ٧٠٠ تفەنگچی لە خزمەتـدا بووە" (چلبی، ٩٥:١٣٦٤). لەهەمـان کـاتـدا چەلەبی ژمـارەی دانیشـــتوانی بدلیس لەســـەردەمی ابدال خان دەخاتەروو کە بە ٤٠ هەزار کەس مەزندەی دەکات و دەیانگەرێنیتەوە بۆ هۆزی پازووکی.

**٢- کوردستان لە نێوان بەربەرەکانێی سەفەوی و عوسمانی**

خاکی کوردسـتان بە هۆی شـوێنە جوگرافییەکەی و هەڵکەوتنی لەسـەر ئەو ڕێگایانەی کە ئێران و خاکی ڕۆژهەڵات بە ئەنادۆڵ (ئاناتوولی) و ئەورووپاوە دەبەسـنەوە، لەمێژە خـاڵی پەڕینەوەی نەتەوە جۆراوجۆرەکـان بووە و لە پەیوەنـدییە دوژمنکـارانە یـان دۆســـتانەکانیاندا، چ پەیوەندیی بازرگانی و چ کولتووری و چ لە شـــەڕ و ململانێکان ڕۆڵی هەبووە. لە ســـەردەمی کۆندا ئەو خاکەی کە دواتر بەگشـــتی ناوی کوردســـتانی لێنرا، شـــوێنی ڕووبەڕووبەنەوەی دوو هێزی گەورە واتە ئیمپراتۆریەتی ئێران و ڕۆم بوو. لە

سـەردەمی ئیسـلامیشـدا، بە هۆی بوونی مەکۆ و ناوەندەکانی دەسـەڵات لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای خاکی کوردسـتان، ئەو ناوچانە گۆڕەپانی پێکگەیشـتن و پێکدادانی بەرژەوەندییەکانیان بوو. لە سـەردەمی ئومەویدا ئەو ناوەندانەی کە باسـمان کرد لە شـام و خوراسـان بوون و دوایین تێکهەڵچوونیان لە گوێی ڕووباری زابی‌گەورە لە کوردسـتان ڕوویدا (٧٥٠/١٣٢ز).( ابن اثیر،١٩٦٥: ٥٠-٦٥)

لەگەڵ هاتنی تورکەکان بۆ ئەنادۆڵ، سەرەتا دەسـەڵاتی سەلجووقییەکانی ڕۆم و دواتر ئیمپراتۆریەتی عوسـمانی دروسـت بوو و جێگەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە. هاوکات ئێرانیش وەک یەکێک لە ناوەندە سـەرەکی و کۆنەکانی دەسـەڵات لە ناوچەکەدا بووژایەوە. ئیرانیش لەگەل دروسـتبوونی دەولەتی سـەفەوی لەسـالی(٩٠٦ن/ ١٥٠١ ز) و راگەیاندنی دەولەتی سـەفەوی لەلایەن شـا ئیسماعیلی یەکەم، دیارە ناوبراو لە هەموو لەشـکرکێشـییەکانیدا لە هەر چوار لای قەڵەمڕەوەکەیدا لە ماوەی چەند سـاڵێکی کەمدا توانی ئیمپراتۆریەتییەکی فراوان دابمەزرێنێت کە سـنوورەکەی دەگەیشتە سنووری کۆنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، ئەمەش بووە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لەسەر دەوڵەتی عوسمانی.

لە سەرەتای سەدەی ١٠ی کۆچیدا، جارێکی‌تر دوو زلهێزی گەورە و لێکدژ واتە حکوومەتی سـەفەوی لە ئێران و پەرەسـەندنی ئیمپراتۆریەتی عوسـمانی لە ئاسـیای بچووک، کە جیاوازییە ئایینی و ئایدۆلۆژییەکانیان پاڵنەر بوو بۆ بەدەسـتهێنانی بالادەسـتی لە ناوچەکەدا، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ناوچەکوردنشـینەکان دەرکەوتن. (منصوربخت و سعیدی، ١٣٩٣: ١٢٥-١٣٣)

هەرچەند لە سـەرەتای ئەو سـەردەمە و لە تەنیشـت ئەو دوو زلهێزەیەدا، زۆرێک میرنشـینی خۆجێی کوردی (کە پێش سـەردەمی سـەفەوی لە کوردسـتان جێگیر ببوون وەکوو شارەزوور، دینەوەر، هەکاری، ئامێدی، فەزلەویە، لوڕستان، جزیرە، ساسۆن، ئەردەڵان، برادۆسـت، بابان، سـۆران، موکری، تەرگەوەڕ، میافارقین، دونبولی، مایی‌دەشـت، بدلیس، گەڵباخی و زۆری‌تر) بۆ پاراسـتنی سـەربەخۆیی و بوونی خۆیان بەربەرەکانێی تەواویان کرد، بەڵام وێڕای ئەوە، گرژی و ململانێ و دواجار سەقامگیربوونی هاوسەنگیی هێز لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەش لە کوردستان، بوو بە هۆی ئەوەی بەتەواوی نەبنە ژێرچەپۆکەی ئەوان. (هەمان: ١٤١-١٤٢)

هەڵکەوتنی جیۆپۆلەتیکی کوردستان و بەلادا نەکەوتنی ململانێی سیاسی- چەکداری ئەم دوو هێزە، و درێژەکێشانی شەڕ و تێهەڵچوون، کوردی لە چەند سەرەوە تێوەگلاند:

١. هەردوو دەوڵەت هەوڵیان دەدا بە هەموو چەشـنێک دەس بەسـەر کوردسـتاندا بگرن، خوازراو یان نەخوازراو گەورە و میرانی کوردیان ملکەچ و گوێڕایەڵی خۆیان ئەکرد. ئەیانکردن بە گژی یەکتریدا تەنانەت ئەندامانی یەک خێزانیان ئەکرد بە دوژمنی یەک.

٢. بەشێکی زۆری هێزی سەربازی هەردوولا لە شەڕەکاندا کورد و ئێڵەکوردەکان بوون.

٣. کوردستان ببووە گۆڕەپانی شەڕ و تێهەڵچوونی زۆری لە شەڕەکانی ئەم دوو لایەنە کە هیچکام بۆ ئەویتر نەیئەخەواند. هەروەها ڕێگای ستراتێژی و لەشکرکێشانی ڕۆم و ئێران بوو. ئەمەش سـەروەت و سـامانی کوردسـتانی بە تەواوی بە فیڕۆ ئەدا و کورد دەستی لەبن هەوانەکەوە دەردەچوو.( نوایي، ١٣٥٠: ١٥-١٦)

ئەگەری سوودوەرگرتنی میرنشینەکوردییەکان لە ململانێی نێوان سەفەوی و عوسمانی بەرهۆی دوو هۆکار بوو:

١) ئەو ڕۆڵەی کە میرانی کورد دەیانتوانی لە شەڕی نێوان هەر دوو لادا بیگێڕن.
٢) ترسی هەردوو زلهێز کە میرەکوردەکان پەیوەندی بە کەمپی بەرامبەرەوە بکەن.

لە پێوەندی لەگەڵ فاکتەری یەکەمدا پێویسـتە بگوترێ کە عەشـیرەتەکوردەکان سـەرچاوەی دابینکردنی شـایسـتەترین جەنگاوەران بوون و هەر حکوومەتێک دەیویست هێز و دەسەڵاتی ئەوان بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت و بەو پێیەی سـەرۆک عەشـیرەت و هـۆزەکانی ناوچەکە، لە ڕێگەی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکانەوە توانای کۆکردنەوەی ئەم هێزانەیان هەبوو، سـەرەتا عوسـمانییەکان و دواتر سـەفەوییەکان هەوڵیاندا پشـتیوانی ئەوان لە بەرامبەر دانان بە ڕادەیەک لە سەربەخۆیی ناوخۆیی و مافەپێشووەکانیان بۆ حوکمڕانی بەسەر ناوچەکانی خۆیاندا لە شـەڕی دژلایەنی بەرامبەردا بەدەسـت بهێنن. پاڵپشـتیەک وا بە هۆی ناسـین و شـارەزاییان لە جۆگرافیا و ڕێگاکانی هاتوچۆی ناوچەکە کە مەیدانی سـەرەکی شەڕەکان بوو، زۆر گرنگ بوو.

هاوکات میرانی کورد و بەتایبەتی ئەوانەی کە لە هێڵەکانی بەرکەوتنی یاریی ئەو دوو لایەنەدا هەڵکەوتبوون، کاتێ بەرژەوەندییەکانیان دەیخواست یان کاتێک کە لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە زەختی زیاتریان لێدەکردن، ئەگەری هەڵوێسـت گۆڕینیـان هەبوو کە بچنە کەمـپ و لایەنی بەرامبەرەوە. ئەم دیاردەیە (زۆر گۆڕانی هەڵوێسـتی بەشـێک لە میرانی کورد لە نێوان سـەفەوی و عوسـمانیدا) کە بەهۆی

بارودۆخی تایبەتی میرنشـــینانی کوردەوە بووە، لە چاوی مێژوونووســـانی کۆنیش شـــاراوە نەبووە

کاتێ باســـــی کەڵکوەرگرتنی میرنشـــــینەکوردییەکان لە تێکهەڵچوون و ململانێی نێوان ئیمپراتۆریەتی ســـــەفەوی و عوســـــمانی دەکەین، نابێ لە دیوەکەیتری کەیسەکە غافڵ بین، ئەویش ئەوەیە کە کوردستان بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ، گۆڕەپانی شـــەڕی ســـەفەوەی و عوســـمانی بووە و نزیکەی ٢٤ تێکهەڵچوون و لەشـــکرکێشـــی دوولایەنەی بینیوە. ڕەنگە یەکەم کەس کە گرنگی بەم بابەتە دابێت، شاعیری کورد ئەحمەدی خانی بووبێت: (١٠٦١-١١١٩ک/١٦٥٠-١٧٠٧ز)

بـــفـــکـــر ژ عەرەب حەتـــا ڤە گـــورجـــان
کورمـــانجییە بوویە شـــــوبهێ بورجـــان
ئەڤ ڕووم و عەجەم ب وان حەســــــارن
کـــورمـــانـــج هەمـــی ل چـــار کەنـــارن
هەردوو تەرەفـــان قەبـــیـــلـــێ کـــورمـــانـــج
بـــۆ تـــیـــرێ قەزا کـــریـــنە ئـــامـــانـــج
ئەڤ قـولـوزمـێ ڕووم و بەحـرێ تـاجیـک
هـنـدی کـوو بـکـن خرووج و تەحـریـک
کـــورمـــانـــج دبـــن بە خـــوون مـــولەتـــتەخ
ڤـــان ژێـــک ڤە دکەن مـیســـــــالـی بەزەخ

(خانی، ٢٠٠٨:٤٤)

تێپەڕینی سوپای شەڕکەر بە ناوچە کوردنشینەکاندا، کاریگەریی وێرانکەری لەســـەر ئابووری کە لەســـەر بنەمای ئاژەڵداری و کشـــتوکاڵ ڕاوەســـتاوە هەبووە. بەدەم ڕێگاوە بەشێکی سەرەکی لە پێداویستییەکانی دابیندەکرد، ئەوە باو بوو لەم دۆخانەدا هەر عەشیرەتێک دەبوو پشکێکی دیاریکراو لە پێداویستییەکانی سوپا دابین بکات. بێگومان ســـەرۆکهۆزەکان ئەو فشـــارەی کە بەهۆی ئەم پابەندبوونە دروســـتبووە، بۆ جووتیاران و خەڵکی ســـادەی کۆچەرییەکانیان دەگواســـتەوە و دەسکەوتی خەڵکیان پێشـکەش دەکرد بۆ ئەوەی لە حکوومەت و پاشـا نزیک ببنەوە یان خراپەکارییەکەی

کەم بکەنەوە. (وابزانم ئەوە لە شەڕدا شتێکی ڕوون و ئاشکرایە و پێویستی بە سەلماندن نییە)

لایەنی وێرانکەری دیکەی پرسەکە، کە دۆست و دوژمنی نەدەناسی، سیاسەتی زەویی سووتاو[4] و لە ناوبردنی سامانی ناوچەکە بوو، بە مەبەستی پەکخستنی پێشڕەوی سوپای نەیار. شائیسماییل سەفەوی، بۆ بەرپەرچدانەوەی لەشکرکێشییەکانی سوڵتانسلێمانی قانوونی، چەندین جار ئەم شێوازەی بەکارهێناوە. شاتەهماسبیش(٩٣٠-٩٨٣ک/١٥٢٤ – ١٥٧٦ز) هەر ئەو سیاسەتە واتە زەویی سووتاوی ڕەچاو کرد و بۆ بەربەستکردنی هێرشی سوپای عوسمانی بۆ سەر ئێران، فەرمانی دا "تەواوی ناوچەی نێوان تەورێز و سنووری عوسمانی بەشێوەیەک لە ناوببرێت کە ئاسەواری دانەوێڵە و چڵێ پووش نەمێنێتەوە. دانیشتوانی تەورێز چاوەگەی کارێزەکانیان پڕکردەوە بۆ ئەوەی ئاوی خواردنەوە نەدۆزرێتەوە" (سیوری، ١٣٧٨:٦١). هەروەها کە محەممەد ئەمین ڕیاحی لە پەڕتووکی "تاریخ خوی" ئاماژە پێداوە کە گوایە لە سەفەرنامەی ڕۆژهەڵاتناسانیشدا باسی زەوی سووتاو وەک دەسەڵاتی شا لەو سەردەمەدا کراوە:

*"دەسەڵاتی شا لەوەدایە، کە بووە هۆی ئەوەی ئەو گوندانەی کەوتوونەتە هەردوو دیوی سنووری ئێران و عوسمانی، بە ڕێگایەکی ٦ ڕۆژە وێران بکرێن، و هەموو قەڵایەک کە لەوێیە وێران بکرێت، تا بەم شێوەیە خۆی لە دژی تورکەکان بەهێزتر کردبێت، ئەوانیش ئارەزووی گرتن و داگیرکردنیان نابێت"(ریاحی، ١٣٧٩:١٠٢).*

### ٣- پەیوەندی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و میرنشینە کوردییەکان (لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەم)

ئیسماعیلی یەکەم ئەو مێرمنداڵەی بوو کە دوای مردنی باوکی(٨٩٣ک/١٤٨٨ز) و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بە پلان و بڕیاری حوسێن بیگولا[5]، پیاوە نهێنییەکەی پشت پەردەی دەسەڵاتی قزڵباشەکان و لە سەرکردەکانی ئەوان، لەپاش کۆچی دوایی ڕۆستەمبەگی ئاق قوینلۆ(٨٩٧-٩٠٢ک/ ١٤٩٧-١٤٩٢ز)، بە کەسایەتی پێبەخشین و بەرزکردنەوە و ناساندنی بە سەید و داتاشینی ئاینێکی نوێی ڕووتین و بێبنەمای مێژوویی، دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. بە گرتنەبەری شێوازی پڕتوندوتیژی و هەڕەشە و تۆقاندن، مەزهەبی شیعەی کردە مەزهەبی ڕەسمی ئێران. دەیگوت: "من لە کەس ناترسم ئەگەر خەڵکی یەک قسەبکەن بە دڵم نەبێ، ئەوسا خۆم بە تەنیا لێیان دەدەم و یەک کەسیان ناهێڵم" (مشکور، ١٣٩٩:٢٦٧).

سیاسەتی کوردیی شائیسماییل لە سەر ٣ کوچکە دامەزرا بوو:

١. نەهێشتنی دەسەڵاتی سەرداره خۆجێییەکانی کورد و دانانی سەرانی قزڵباش بە خۆیان و هۆزەکانیانەوە لە جێگەی ئەوان

٢. ناچارکردنی خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان بۆ دەستهەڵگرتن لە ئایینزای سوننی و چوونەسەر ئایینزای جەعفەری.

٣. بە کارهێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی بۆ چاوترساندنی خەڵک و سەرکوتکردنی بێبەزەییانەی هەموو جۆره بەرهەڵستی و ملنەدانێ.(مستەفا ئەمین،٢٠٠٥: ٢٦)(قمی،١٣٥٨: ج١، ١٣٥) (شەمسی،٢٠٠٩: ٧) (بیگ منشی،١٣٥٠: ج١، ٣٣)

سەرەڕای ئەوەی کە خاکی کوردستان دەراوسێی ئازەربایجان کە ئاخێزگە و ناوەندی دەسەڵاتی سەفەوییەکان بوو، بەڵام تا ساڵی ٩١٠ی ک.م هیچ ڕاپۆرتێک لە سەرچاوەکاندا نییە کە ئاماژە بە مامەڵەی جیدی شائیسماییل لەگەڵ میرانی کورد و یان ئیرادەی شائیسماییل بۆ داگیرکردنی کوردستان بکات. ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاقارێکدا چووبێت کە شائیسماییل تا ئەو کاتە دەرفەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کاروباری کوردستاندا نەبووبێت. "چوونکە مورادمیرزا، دوای شکستەکەی لە ئاڵمەقولاقی هەمەدان، هەڵهات بۆ شیراز و شولستان و هەوڵی دا لەو ناوچانەدا بەدواداچوون بۆ جمەوجووڵەکانی دژی شائیسماییل بکات" (نوایی و غفاری‌فرد، ١٣٨١: ٦٥) و ئەمەش لە پلەی یەکەمدا یارمەتی‌دەر بوو بۆ یەکلاکردنەوەی کاروباری عێراقی‌عەجەم و هەروەها پەرژانە سەر ناوچەکانی ناوەندیی ئێران کە زۆرتر هەست بە پێویستی دەکرا. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە، بە چەند هۆ تێکهەڵچوونی سەفەوییەکان لەگەڵ کورد حەتمی بوو:

١. ناوچە کوردنشینەکانی دەراوسێی ئازەربایجان، ناوەندی دەسەڵاتی سەفەوییەکان بوون و درەنگ یان زوو دەبوایە ڕووبەڕووی ئەو دەسەڵاتە ڕوو لە گەشەکردنەیە ببنەوە کە لەوێ سەری‌هەڵدا و دەستی بەسەر دەوروبەریدا دەگرت.

٢. کوردستان پێش‌تر، نە بە شێوەی کۆچێ و گشتی، بەڵام وەک یەکێک لە ناوچە سەرەکییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاق‌قۆیۆنلووەکان ئەژمار دەکرا. شائیسماییل، وەک میراتگر و جێگرەوەی ئەو حکوومەتە، زاڵبوون بەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشووی ئەو حکوومەتەی بە شتێکی سروشتی و پێویست و بە مافی خۆی دەزانی،

٣. زۆرێک لە هۆزەکانی قزڵباش کە پشتیوانیی سەفەوییەکانیان دەکرد، لە

ناوچەکانی ئەنادۆڵدا دەژیان و بەو پێیەی کە ناوچە کوردییەکان لە رووی جۆگرافییەوە لە نێوان ئازەربایجان و ئەنادۆڵدا هەڵکەوتوون، زاڵێتی بەسەر کوردستان مەرجێکی پێویست بوو بۆ بەستنەوەی حکوومەتی سەفەوی بە لایەنگرانی پێداگر و سەرسەختیەوە. (اسکندر بیگ منشی، ۱۳۵۰، ج۱، ۱۳۵۰: ۳۳) (بدلیسی، ج۱، ۱۳٤۳: ۲۰۵)

بەڵام لەوە بەدواوە لەو لەشکرکێشیانەی کە شائیسماییل بە ناو کوردستاندا لە ئەرزەنجانەوە بۆ دیاربەکر و لەوێوە بۆ مووسڵ و بەغدا و لورستان کردی، دەستی لە هیچ جۆرە زەبروزەنگێ نەپاراست. ژێردەستەیی کوردستان لە میرنشینی موکریەوە دەستی پێکرد وا ناوچەیەکە لە باشووری گۆلی ورمێ و هاوسێی نزیکی ئازەربایجان بوو. لەم کاتەدا شیرسارمی کوری ئەمیرسەیفەدین دامەزرێنەری ئەم میرنشینە بە پاڵپشتیی هۆزە کوردە هاوپەیمانەکانیەوە، دەسەڵاتێکی بەرچاوی خوڵقاندبوو کە بۆ شائیسماییل وا بانگەشەی حوکمرانی بەسەر هەموو ناوچەکەدا دەکرد، وەک "نافەرمانی" و "یاخیبوون" چاوی لێدەکرا. "لەساڵی (۹۱۱ک/ ۱۵۰۵ز)دا بۆ سەرکوتکردنی سارمبەگ بەچەند جار هێز نێردرا بەڵام هەر شکستی دەهێنا" (زکیبیگ، ۱۳۸۱:۲۵۲). "لە ساڵی ۹۱۲ی کۆچیدا کە سوپای شائیسماییل لە خوی بوو، چەند کەسێک لە فەرماندە بەناوبانگەکانی قزڵباش بە هێزێکی گەورەوە چوون بۆ سەرکوتی سارێمبەگ. ئەم هێزەش بە توندی تێکشکاو و چەند فەرماندەیەکیشی کوژران".

قازی ئەحمەد قومی، مێژوونووسێکی لایەنگری سەفەوییەکان، لەبارەی دەرئەنجامی ئەم شەرەوە دەڵێت:

*"... ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە هەر دوو لاوە کوژران". لە نێو فەرمانده بەناوبانگەکاندا، عەبدیبەگیشاملو و سارۆعەلیمۆهرداری تەکەلۆ کوژران، بایرامبەگیقارەمانلو و خەلفابەگ بۆ ناو سوپای هومایونی گەرانەوە" (هەمان، ل۸۸)*

میرشەرەفخانی بدلیسی بە روونی سارم بەگ بە براوەی ئەم شەرە دەزانێ. سەرەرای ئەمەش سارێمبەگ کە هێز و دەسەڵاتێکی زۆری لەدەستدابوو، بەهۆی بەردەوامیی زەختی سەربازکانی سەفەوییەوە نەیتوانی موڵک وماڵی خۆی بپارێزێت. "هەرچەندە شائیسماییل سەرکەوتوو نەبوو و دەستیشی بەو رانەگەیشت، دوای ماوەیەک سارێمبەگ، چووە ئەستەنبوڵ و لەوێ گوێرایەڵی سوڵتانی عوسمانی بوو" (زکیبیگ، ۱۳۸۱:۲۵۲).

هێشـــتا "شـــائیســـماییل له خوی بوو ئاگادار کرایەوە کە ســـوڵتان مورادی ئاققۆیۆنلوو دوای هەلهاتن لە بەغداوە  لە ناوچەی ژێر دەســـەڵاتی عەلائودەوڵەی زولقەدردا بینراوە و بە زاواییێتی پەنایان پێداوە" (نوایی و غفاریفرد، ١٣٨١:٦٩). ســەرەتای ســاڵی ٩١٣، شــائیســماییل بە ســەرۆکایەتیی ســوپایەک بۆ دوورخســتنەوەی مەترســی ئەو دوانە کە یەکانگیر بوون، چوو بۆ شــەڕ دژی عەلائولدەولە. "هەرچەندە لەم هەڵمەتەدا، دەســتەیەک لە ســوپای قزڵباش لەگەڵ کۆمەڵێک لە زولقەدرەکان لە ژێر فەرماندەیی ســاروقپلان - کە یەکێـک لە کوڕەکـانی عەلائودەولە بوو- تێکهەڵچوون و هەنـدێـک زیـانیـان پێگەیاند، بەڵام "خودی عەلائەلدەولە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاســـتەوخۆ لەگەڵ ســـوپای ســـەرەکیی شـــائیســـماییل خۆی بوارد. شـــائیســـماییل دوای تاڵانکردن و ســـووتاندنی ناوچەکان میرنشـــینی مەرعەش، گەڕایەوە بۆ خویێ " (قمی، ١٣٥٨: ٩٠). ئەم ڕووداوە بۆ یەکەمجار بەشـــێوەیەکی جێددی میرنشـــینە کوردییەکان و هێزە خۆجێییەکانی ڕووبەڕووی دەسەڵاتی سەرهەڵداوی سەفەوییەکان کردەوە و سەرەتای دەستێوەردانی جێددی ئەوان لە ناوچە کوردییەکان بوو. "هەر لە نێوەندی ئەم لشـــکرکێشـــییەی، ئەمیرخانی موســـڵووی حـاکمی تورکمـانی دیـاربەکر کە پێشتر گوێڕایەڵی ئـاققۆیۆنلوو بوو، دەسبەجێ چووە لای شـــائیســـماییل و گوێڕایەڵیی خۆی ڕاگەیاند" (هەمان، ل٩٠). بەڵام شـــائیســـماییل "حکوومەتی دیاربەکری تەســـلیمی یەکێک لە خزمەکانی بە ناوی محەممەدخان ئۆســـتاجلوو کرد" (هەمان، ل٩١). لە ڕێگای ئەخلات و بدلیســـەوە بۆ ڕابواردنی زستان گەڕایەوە. "کاتێک سوپای شائیسماییل گەیشتە سنوورەکانی ئەخلات، شـــەرەفخـانی میری بـدلیس بەپەلە هـاتە خزمەتی و بە ڕاگەیـانـدنی گوێڕایەڵی لە میرنشینی بەتلیس مایەوە (بدلیسی، ١٣٤٣: ٥٣٠ و ٥٣١). هەروەها "لە هەمان کاتدا هەندێ لە میرانی کورد بۆ لای شائیسماییل هاتن و بە دەربڕینی وەفا و دڵسۆزی بۆی، لە جێگەی خـۆیـان دانـرانەوە. وەکـوو غـازیقـران مـیـری بـرادۆســـــت کە بەڵـگەنـامەی ناوچەبەمیراتماوەکانی بنەماڵەیی خۆی بریتی لە ناوچەی تەرگەوەڕ و سـۆما لە ڕۆژئاوای ورمێ وەرگرت" (هەمان، ل٣٨٣).

ســـەرەڕای ئەم ســـیاســـەتە، مانەوەی میرەکوردەکان درێژخایەن نەبوو. قۆناغی دووەمی ڕووبەڕووبوونەوەی ســـەفەوییەکان لەگەڵ فەرمانڕەواکانی باکووری کوردســـتان، دوای سەقامگیربوونی تەواوی محەممەدخان ئۆستاجلوو لە حکوومەتی دیاربەکر دەستی پێکرد.

پێشتر شائیسماییل لە کاتی هەڵمەتی دژی عەلائەدەولەی زولقەدر، محەممەدخان ئۆستاجلووی کردبووە حاکمی دیاربەکر. بەڵام سەرەڕای ئەمەش و سەرەڕای ملکەچبوونی

خۆبەخشـانەی ئەمیرخانی موسـڵوو حاکمی پاشـماوەی سـەردەمی ئاققۆیۆنلوو، دامەزرانی محەممەدخان ئۆسـتاجلوو لە دیاربەکر ئاسـان نەبوو. "بە پێچەوانەی ئەو، قەیتمیس‌بەگ، برای حاکمی پێشـــوو، ڕەتی‌کردەوە قەرەحەمید (ئامەد)، شـــاری ســـەرەکیی ناوچەی دیاربەکر، ڕادەســـتی نوێنەری شـــائیســـماییل بکات و لەگەڵ کوردانی دیاربەکر دژی محەممەدخان یەکانگیر بوو" (قمی، ١٣٥٨: ٩١).

ئەو کاتەی کە محەممەدخانی ئوســـتاجلو زۆر بە ئەســـتەم توانی بە ســـەر کوردەکـانی دیـاربەکردا ســـەرکەوێـت، عەلائولـدەولەی زولقەدر، کە لە گەڵ ســـەفەوییەکاندا دوژمنایەتی هەبوو و شـــائیســـماییلیش جاڕێ بۆ ســـەرکوتی چووبوو، هێزێکی بە ســـەرپەرەشـــتی دوو کوڕی خۆی واتە "قاســـم بەگ" و "ئەردەوان بەگ" بۆ یارمەتی بەرگریکارانی دیاربەکر نارد. (هەمان، ل٩٢). "دوای شـەڕێکی ئەسـتەم قزڵباش سـەرکەوت و هەردوو کوڕی عەلائولدەولە بەدیل‌گیران و سـەرەڕای بەڵێنی سـڵامەتی کە پێی دابوون، محمدخان ئۆستاجلوو هەردووکیانی کوشت و سەریانی نارد بۆ شائیسماییل کە لە خوی ئۆردووگای لێدابوو (٩١٣ ک/ ١٥٠٧ز)" حسینی استرآبادی، ١٣٦٤: ٤١)

لە مـاوەی ئەو شـــەڕانەدا هۆزە کوردەکـان بە هۆی دوژمنـایەتیی نـاوخۆیی و ڕکابەریی خێڵەکییەوە بە شـێوەیەکی سـەرەکی لە هەردوو دیوی ململانێکاندا ئامادە بوون. تەنانەت هەندێک لە خێڵە کوردەکان بە شـــێوەیەکی چالاکانە هاوکاریان لەگەڵ سیاسەتی نەگۆڕی محەممەدخانی ئۆستاجلوو بەرامبەر بە فەرمانڕەوا ڕەسەنەکان کرد. "لە نێویاندا میردیادین(میر زیائەددین) ســـەرۆکی خێڵی ســـولەیمانی، کوردانی سولەیمانی نارد بۆ یارمەتیدانی قزڵباش لە سەردەمی شەڕی نێوان خان‌محمدئۆستاجلوو و کوڕەکانی عەلائولدەولە، کە بە گوتەی شـــەرەفنامە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لە شکستی زولقەدرەکان" (بدلیسی، ٣٤٣:١٣٤٣).

بـدلیســـی هۆکاری لێڕوانینی دوژمن‌کارانەی شـــائیســـماییل بەرامبەر بە میرەکوردەکـان دەگەڕێنێتەوە بۆ "کـاریگەریی محمـدخـانی‌ئســـتجـانلو، فەرمـانڕەوای دیـاربەکر، کە بەڵێنی‌دا خۆی ببێ بە حـاکمی کوردســـتـان ئەگەر بێتوو لە میرەکوردەکان دەس نەپارازێت" (هەمان، ل٥٣٢).

"شـائیسـماییل پێش‌تر محەممەدخانی‌ئۆسـتاجلوو و نوورعەلی خەلیفەی ڕوملوی ڕاسـپاردبوو بۆ سـەرکوت‌کردنی کۆچەرییەکان لە ناوچەکانی دیاربەکر و ئەرزەنجان و ئەوانیش بە توندوتیژی و سەرسەختی ئەم کارەیان کرد" (مستەفائەمین، ٢٤:٢٠٠٥).

شائیسماییل کاتێک لە خوی بوو، "دوازدە کەس لە میرانی ناوداری کوردستان، لە وانە میرشـــەرەفخان حاکمی بدلیس و مەلیکخەلیل میری حەســـەنکیف و شـــاعەلیبەگ بەختی حاکمی جزیرە و عەلیبەگی ســـاســـۆنی و میرداود خیزانی، بە ئەگەرەوە بۆ وەرگرتنی گەرەنتی بۆ حکوومەت، لەســـەر نـاوچە میراتییەکـانیـان و ڕزگاربوون لە کۆنترۆڵ و فشـــاری فەرمانڕەواکانی قزڵباش، بە کۆمەڵ چوونە لای و دڵســـۆزی و خزمەتی خۆیان بۆ ڕاگەیاند. بەڵام شـــائیســـماییل، لە ژێر کارتێکەری و فریودانی محمدخانی ئستجانلو، هەموویانی تەنانەت ئەمیر شەرەفبدلیسی کە پێشتر لە حکوومەتی بدلیسدا هێشتبوویەوە و مەلیکخەلیل بە بۆنەی ئەوەی هاوسەرگیری کچی شـێخ حەیدەری ســەفەوی و زاوای شــائیســماییل هەژمار دەکرا" (بدلیســی، ۱۳۴۳:۲۰۵)، "دەســتبەســەر و زیندانی کرد" (هەمان، ۱۶۸). لەم ناوەدا تەنیا دووکەس زیندانی نەکران عەلیبەگی ســاســۆنی و میرشــامحەممەد میریکوردیشــیروان. وێدەچێت ڕاگەیاندنی شــیعەگەری کاریگەری هەبووبێت لەســەر ئەو مامەڵە جیاوازەی کە لەگەڵیان کراوە. چوونکە بدلیســی دەڵێت: "میرشــامحمد جلی قزڵباشــی لەبەردا بووە" (هەمان، ل۳۱). سەرەڕای ئەمەش هیچکام لە میرنشینانی خۆیان نەیانهێشتنەوە.

بە مەبەســتی ملکەچکردنی هەموو کوردســتان و داگیرکردنی ئەو ناوچانەی کە میرەکانیان گیرابوون، چەندین لەشــکرکێشــی ئەنجام درا. دەتوانین ئاماژە بدەین بەو هێزەی کە بە فەرمانداریی چایان ســـوڵتان ئۆســـتاجلوو بەرەو بدلیس ڕۆیشـــتن و دیۆسولتانڕوملو، یاکانبەگ تەکەلۆ، عەبدیخان هاوکات ساروقولی مۆرداری شاملووش ڕاســپێردرابوون بۆ هێرشکردنە ســەر ناوچەکانی هەکاری و جزیرە و هۆزەکوردەکانی موکری و مەحموودی لە ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ(عالم آرای صفوی، ۱۳۴۶: ۱۰۸). "هەروەها محەممەدخان ئۆســتاجلوو ناوچەی ئەکیلی بە زۆر لە میرەکەی ناســراو بە لەلەقاســم گرت" (بدلیسی، ۱۳۴۳:۲۳۸).

حاجی ڕۆستەمبەگ، حاکمی میرنشینی چەمشگەزک نزیکی ئەرزەنجان، کە بە گوتەی بدلیسی، "هەندێک جار بەهۆی قەبارە و شکۆی میرنشینەکەیەوە بە تایبەتی بە کوردســـتان نـاودەبرا (هـەمـان، ل۲۱۵)، لەگەڵ بیســـتنی هەواڵی نزیـکبوونەوەی نوورعەلیخەلیفە، بەپەلە چووە لای و بەبێ هیچ بەرەنگارییەک کلیلی میرنشــینەکەی ڕادەســتی ئەو کرد و خۆی گەیاندە لای شــائیســماییل. "ســەرەڕای ئەمەش، ســەرکردەی ناوبراو تەحەمولی میرنشــینەکەی نەکرد و ژمارەیەکی زۆر لە ئاغاکانی "مەلکێشــی" کە عەشــیرەتی دەســەڵاتداری چەمشــەگەزک بوون، کوشــت و ســەرکردایەتییەکەی بە فەرماندەکانی قزڵباش سپارد" (زکیبیگ، ۱۳۸۱:۲۴۲).

حکوومەتی ناوچەکانی دیکەش ڕادەستی حاکمی تورک و قزڵباش کرا: "لە نێویاندا، میرنشینی جزیرە بۆ ئۆلاشبەگی برای محەممەدخانی ئۆستاجلوو و میرنشینی ئەکیل بۆ مەنسووربەگ، و میرنشینی بدلیس سەرەتا بۆ کوردبەگ و دواتر بۆ عەیوەزبەگ تەرخان کرا" (شمسیمحمد، ٢٠٠٩:٩٩).

### ٤- هاوپەیمانیی کورد و عوسمانی:

سەرهەڵدانی حکوومەتی سەفەوی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ئایینی شیعەی دوانزە ئیمامی لە ئێران و مەیلی فراوانخوازانەی لە باکووری کوردستان و ئەنادۆڵ، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم حکوومەتەی لەگەڵ دەسەڵاتی فراوانخوازی دیکەی ئەو سەردەمە، واتە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، حەتمی کرد. بەتایبەتی ئەمە بووە هۆی ئەوەی شیعەکانی ئەنادۆڵ چالاک بن و ببنە هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

ساڵی ٩١٨ ، یاڤوز سەلیم ( ٩١٨-٩٢٦ک / ١٥١٢-١٥٢٠ز) دوای لەکارلابردنی باوکی، سوڵتان بایزیدی دووەم، لەسەر تەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دانیشت و مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشەکانی قزڵباشی کردە یەکەمایەتی خۆی. "ساڵی ٩١٩ک/١٥١٣ز) فەرمانی بە فەرمانڕەوای ئەرزەنجان کرد کە چەند هەزار شوێنکەوتووی سەفەوی لە ئەنادۆڵ بنێرێتە ئێران. پاشان نزیکەی ٤٠ هەزار شیعەی ئەنادۆڵی بە بیانووی لادان لە ئایینی ڕاستەقینە لە سێدارە دا" (نوایی و غفاریفرد، ١٣٨١: ٩٤-٩٣). وێدەچێ ئەم ژمارە ناڕاست بێت و زیادەڕەویی تێدا وەدی دەکرێت.

ساڵی(٩٢٠ک/١٥١٤) کۆچی سوڵتانسەلیم خۆی لە ئەستەنبووڵەوە بە سەرۆکایەتیی سوپایەکی گەورە بە مەبەستی شەڕکردن لەگەڵ شائیسماییلی سەفەوی بەرەو ڕۆژهەڵات بەرێکەوت. سوڵتانی عوسمانی گرینگیی پشتیوانی عەشیرەتە کوردەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سەفەوییەکانی دەزانی. بەتایبەت ئەوەی کە زۆربەی حاکم و بنەماڵەکانی کورد وەک خۆیان سوننە بوون و ئەم لێکچوونە دەیتوانی هۆکاری یەکریزییان بێت لە ژێر ئاڵای عوسمانیدا دژی سەفەویە شیعەکان. بۆیە حەکیم ئیدریس بدلیس[٦] بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی میرەکوردەکان ڕەوانەی کوردستان کرا. لە ئەنجامی هەوڵ و بەڵێنەکانی حەکیم ئیدریس بدلیسی، زۆرێک لە فەرمانڕەواکانی باکووری کوردستان کە لە سیاسەتی شائیسماییل تووڕە بوون، بەڵێنی هاوکاریان بە عوسمانیەکاندا. (شمسیمحمد، ٢٠٠٩:١٠٠).

پێشتر میرانی کورد بە ڕاگەیاندنی گوێڕایەڵی و چوونە لای شائیسماییلی سەفەوی، ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری لەگەڵ سەفەوییەکان نیشاندابوو و دواتریش لە

سەردەمی جێنشینەکانی شائیسماییلدا، بەشێکیان سەرەڕای ئایینەکەیان چالاکانە هاوکاریی سەفەوییەکانیان دەکرد. بەڵام لەم سەردەمەدا توندوتیژی شائیسماییل لە کوردستان و بەتایبەتی سیاسەتی لابردنی سەرۆکعەشیرەتە ڕەسەنەکانی کورد و ڕادەستکردنی میرنشینەمیراتییەکانیان بە قزڵباشەکان، ڕێگەی بۆ زۆرینەی عەشیرەتە کوردەکان خۆش کرد بۆ ئەوەی لە سەفەوییەکان دوور بکەونەوە.

"سوڵتان سەلیم بەر لە سەفەری چاڵداران، لە ئۆردووگای ئاماسیەوە، چەند جارێک مەولانا ئیدریس بدلیسی نارد بۆ ناو هۆز و میرەکانی کوردستان" (زکیبیگ، ۱۲۷:۱۳۸۱) و دڵنیای کردنەوە کە لە بەرامبەر هاوکاری دژ بە سەفەوییەکاندا، ئیمتیازاتی میراتی و سەربەخۆیی ناوخۆییان دەپارێزرێت. "لە ئەنجامی هەوڵەکانی ئیدریس بدلیسی، لەم کاتەدا زیاتر لە ۲۰ میری کورد نامەیان بۆ سوڵتانسەلیم نووسی و ئامادەیی خۆیان بۆ پشتیوانیکردن لە سوڵتانسەلیم ڕاگەیاند" (شمسیمحمد، ۱۰۰:۲۰۰۹).

لە کاتی شەڕی گرنگ و چارەنووسسازی چاڵداراندا (۹۲۰ک /۱۵۱٤ز) کە بووە هۆی شکستی یەکلاکەرەوەی شائیسماییلی سەفەوی و داگیرکردنی تەورێزی پایتەختی سەفەوی لەلایەن سوپای عوسمانییەوە، کورد ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری بینی بۆ بەرژەوەندیی عوسمانییەکان. "بەپێی هەندێک زانیاری، ٤٦ ئەمیری کورد لە ئۆردووگای سوڵتان لەگەڵ هێزەکانیان شەڕیان دەکرد" (هەمان، ل۱۰۰). شائیسماییل دوای شەڕی چاڵداران سەرەتا بەرەو تەورێز هەڵات و دوای پێشڕەوی هێزەکانی عوسمانی بەرەو ئەم شارە، هەڵات بۆ دەرگەزین (نزیک هەمەدان) و دوایی چوو بۆ تەورێز، "سوڵتانسەلیم هەموو دیلەکانی سەربازی کوشت و چەندین سەرکەوتننامەی جۆراوجۆری بۆ سولەیمانی کوڕی و سەرکردەکانیکورد نارد" (نوایی و غفاریفرد، ۱۳۸۱: ۹۹).( لەبەر ئەوەی بابەتەکە لێرە لەسەر هۆزە کوردییەکان نەبووە و لە پەراوێزی باسەسەرەکیەکان بووە، لە جێی سەرچاوە، لە توێژینەوە کەڵک وەرگیراوە....)

**لەدەستچوونی کوردستان:**

یەکەمین دەرئەنجامی شەڕی چاڵداران، لێژبوونی پێگەی سەفەوییەکان لە باکووری کوردستان بوو. "لەو شەڕەدا زەبرێکی گرنگ لە سوپای سەرەکی قزڵباش درا و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی وەکوو: محەممەدخانیئستجانلو حاکمی دیاربەکر کوژران (حسینی استرآبادی، ۱۳٦٤: ٤۹)

لە لایەکی دیکەوە هێزێکی گەورەی عوسمانی لە ناوچەکەدا هەبوو کە لەلایەن هۆزە کوردە هاوپەیمانەکانەوە پاڵپشتی دەکرا. جگە لەوەش "ئەو فەرماندە

کوردانەی کە لە لایەن شـائیسـمایلەوە زیندانی کرابوون، دوای شـەڕی چاڵداران ئازاد و بەیعەتیان بۆ عوسـمانییەکان ڕاگەیاند و میرنشـینەکانیان لە پاشـماوەکانی قزڵباش سـەندەوە. لە نێویاندا دەتوانین ئاماژە بە "شـاعەلیبەگ میری جزیرە" و "قاسـمبەگ میریئەکیل" و "مەلیکخەلیل میری ئەیووبی لە حەسـەنکیف" (بدلیسـی، ١٣٤٣: ٥٣٢-١٦٨) بکەین. بەڵام میرشـەرەفخان، میریبدلیس، تەنانەت پێش شـەڕی چاڵدارانیش توانی لە زیندانی شـائیسـماییل دەربچێت و خۆی گەیاندە ناو عەشـیرەتی ڕۆژەکی و هەوڵیدا وڵاتی باببوباپیرانی لە ژێردەستی قزڵباش دەربهێنێت.

بدلیسی باس لە ڕۆڵی محەممەدبەگی پازووکی دەکات کە یەکێک لەو ئاغا کوردانە بووە کە لە شـکسـتی باپیری خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی میرنشـینەکە لەم سەردەمەدا خزمەتی سەفەوی کردووە (هەمان، ل٥٣٥-٥٣٦). "دوای ئەوە میرشەرەف لەگەڵ ٢٠ میری کورد گوێڕایەڵیی خۆی بۆ سـوڵتانسـەلیم ڕاگەیاند و لەگەڵ شـائیسـماییل و سـەفەوییەکان لە شـەڕی چاڵداران بەشـداری کرد" (هەمان. ل٥٣٨). "دوای شـکسـتی سەفەوییەکان لە چاڵداران، بە کەڵکوەرگرتن لە پێگەی لاوازی سـەفەوییەکان، توانی دەسـەڵات و سـەروەری خۆی بە وەدەرنانی بریکارە سـەفەوییەکانی بدلیس، وەک میرانی جزیرە و حەسەنکیف و ئەکیل و چەمشگەزک وەربگرێتەوە" (زکیبیگ، ١٣٨١:١٢٨).

دوای گەڕانەوەی سـوڵتانسـەلیم لە تەورێزەوە بۆ ئەنادۆڵ، حکوومەتی سـەفەوی هەوڵێکی چڕی بۆ پاراسـتنی پێگەی خۆی لە باکووری کوردسـتان لە نەبوونی سـوپای سـەرەکیی عوسـمانی دا. بۆ ئەم مەبەسـتەش قەرەخان برای محەممەدخانی ئۆسـتاجلوو، حاکمی پێشووی دیاربەکر، کە لە شەڕی چاڵداراندا کوژرا، وەک فەرمانڕەوای نوێی ئەم ناوچەیە دەسـتنیشـانکرا و ڕاسـپێردرا کە وەکوو سـەرپەرەشـتی سـوپایەکی پێنجهەزار کەسـی کە لە ئامەد، پایتەختی ویلایەتی دیاربەکر جێگیر ببێت. "بەڵام عەشـیرەتە کوردەکانی دیاربەکر کە ئێستا لەگەڵ عوسمانییەکان یەکگرتوو بوون بەرهەڵستی بوونەوە و نەیانهێشـت بچێتە ئـامەد و نـاچـار بوو بچێتە مـاردین لە بـاشـووری دیاربەکر(شـەمسـیمحەمەد، ٢٠٠٩). مێژوونووسـێکی سـەفەوی ئەم ڕووداوە بەم شـێوەیە دەگێڕێتەوە:

*"خەڵکی شـاری ئامەد کە بە قەرەحەمید ناسـراوە، بێوەفاییان کرد و ڕۆمیەکانیان هێنا، شـارەکەیان پێدان، قەرەخانیش لە ماردین بۆی دەرکەوت کە بەڵای ڕۆمیەکانی لە مل بۆتەوە*(بیگ منشی، ١٣٥٠:٤٣).

*قەرەخان بۆ ماوەی دوو ساڵ (*تا سـاڵی ٩٢٢ک/١٥١٦ز) بە بۆنەی پەرژین و دیواری

پتەوی شـــــاری مـــاردین خۆڕاگری کرد و لەو مـــاوەیەدا چەنـــدین جـــار لەگەڵ هێزەکوردییەکانی دڵســــۆزی عوســـــمانی تێکهەڵچوون. "بەڵام دواجار بە ناردنی هێزی یاریدەدەر لە لایەن ســـوڵتانســـەلیمەوە، بە تەواوی شـــکســـتی هێنا و خۆی لە شـــەڕەکەدا کوژرا" (هەمان، ل٤٣). ڕووخانی ماردین بە مانای لەدەســـتدانی دوا بنکەی ســـەفەویەکان لە باکووری کوردســـتان بوو. شـــەڕی چاڵداران خاڵی دەســـتپێکی ململانێی درێژخایەن و خوێنـاوی بوو کە بە درێژایی ســـــەدەی دەهەم و نیوەی یەکەمی ســـــەدەی یازدەهەم بە پشوویەکی کورت بەردەوام بوو.

بە مەبەســـــتی دڵنیـابوون لە هـاوکـاریی بەردەوامی کورد بۆ پشـــــتگیریی عوســـــمانییەکان دژ بە ســـــەفەوییەکان و بۆ پاراســـــتنی ئەو پێگەیەی لە دوای شــــەڕی چالداران بەدەســـــتیان هێنابوو، ســــــوڵتانســـــەلیمی یەکەم بڕیاری دا میکانیزمێکی سەقامگیر لە پەیوەندیی نێوان حکوومەتی عوسمانی و میرنشینە زۆرەکانیی کوردستان دابمەزرێنێت. ئەمجارەش حەکیمئیدریس بدلیسی، زانای کورد کە پشتیوانی کوردی بۆ هاریکاری عوســـــمانییەکان لە چاڵدەران بەدەســـــت هێنابوو، ڕۆڵێکی گرنگی گرتە ئەســــتۆ. بۆ ئەو مەبەســــتەش بە نوێنەرایەتیی لە ســـوڵتانەوە گفتوگۆی لەگەڵ میر و سـەرۆکعەشـیرەتەکانی کوردسـتان (باکوور) کرد. خاڵی سـەرەکیی ئەم ڕێککەوتنە دانپێدانان بە ئۆتۆنۆمیی ناوخۆیی و حوکمڕانیی میراتیی میرنشـــینە کوردییەکان بوو لە بەرامبەر پابەندبوونیان بە یارمەتیدانی عوسمانییەکان لە شەڕی سەفەویدا.[٧]

ئەو پەیماننامەیەی کە لە نێوان دەســـەڵاتدارانی کورد و عوســـمانیدا بەســـترا، ژمـارەیەکی زۆر لە میرنشـــــینـانی کوردی گرتەوە. بەتـایبەتی نـاوچەکـانی بـاکووری کوردستان، کە لە سەرەتای شەڕەکانی ئێران و عوسمانییەوە لە ناوەندی ململانێکاندا بوون. "سـەرەڕای ئەمەش بەشـێک لە میرنشـینەکوردییەکان وەک میرنشـینەکانی سۆران و بادینان (عمادیە) و شەمزینان (هەکاری) بۆ ماوەیەک لە دەرەوەی هەر هاوپەیمانییەکی فەرمی لەگەڵ عوســــــمانییەکان یان ســــــەفەوییەکان مانەوە. ئەم میرانە لە ڕێگەی هاوســــــەنگی لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەدا هەوڵی پاراســــــتنی *سەربەخۆیی و* ئیمتیازاتەکانیان دەدا" *(بیگ منشی، ٢٠٠٥: لل ٨٥-٨٤).*

ســــــاڵانی دواتردا زۆرێــک لە میرەکــانی کورد گونجــاو لەگەڵ زیــاد و کەمبوونەوەی دەسڕۆیشتوویی حکوومەتی سەفەوی لە قووڵایی ناوچە کوردنشینەکاندا، گوێڕایەڵی یان ســــەرپێچییان بۆ ئەم حکوومەتە دەرئەبڕی. جگە لەوەش "بەشـــێک لە عەشـــیرەت و خێڵانی کورد لە ناوچەکانی ناوەڕاســـتی ئێران و دەرەوەی کوردســـتان بە

هۆکارگەلێ وەک کۆچ و دوورخرانەوە (وەک پازووکییەکان و سـیامەنسـوورەکان و زەنگەنەکان، کە بدلیسی وەک "کوردی ئێران" باسیان لێوەدەکات" (بدلیسی، ١٣٤٣:لل ٤٢٣-٤٢٥) و دواتریش خەڵکی چەمشـگەزک و... کە بۆ خۆراسـان دوو خرابوونەوە)، ڕۆڵێکی گرنگ و سـەقامگیریان لە پێکهاتەی سـیاسـی و سـەربازیی *حکوومەتی سەفەوی و تەنانەت لە ململانێکانی لەگەڵ عوسمانییەکاندا هەبوو.*

**٥- کوردستان لە سەردەمی شاتەهماسبی یەکەمی سەفەویدا**

هاتنە سـەرکاری تەهماسـبمیرزای کوڕە گەورەی شـائیسـماییل، سـەرەتای قۆنـاغێکی ئـاژاوە و نـائـارامی بوو. لەم مـاوەیەدا،(٩٣٠-٩٣٩ک/ ١٥٢٤ تـا ١٥٣٣ز) کە بەماوەی سەرانی قزلباش دادەنریت بەهۆی بالادەست بوون، سەرانی قزڵباش خوازیاری بەشی زۆرتر لە دەسـەڵات و بەدەسـتەوەگرتنی پۆسـتی جێگرەوەی شـا بوون کەوتنە ململانێ. (سـیوری، ١٣٧٥: ٤٩) ڕۆڵی حکوومەتی سـەفەوی لە کاروبار و هاوکێشـەکانی ناوچە کوردستانییەکان بۆ نزمترین ئاست دابەزی. زۆربەی میرنشینەکانی باکووری کوردستان لە دوای شـەڕی چاڵداران و دوای ڕێککەوتنی میرانیکورد و سـوڵتانسـەلیم، لە ناوچەی ژێر دەسـەڵاتی دەوڵەتیعوسـمانیدا بوون و ئەوانەش کە لە دەرەوەی دەسـەڵاتی عوسـمانی مانەوە، بە بۆنەی لاوازیی سەفەوییەوە جۆرێک لە خودموختاری و سەربەخۆییان هەبوو.

میرنشینی ئەردەڵان بە باشی نوێنەری ئەم دۆخە دواییە بوو. "ئەم حکوومەتە کە ناوچەیەکی بەرفراوانی بە ناوەندێتیی شـارەزوور لە ژێر ڕکێفدا بوو، بە هۆی شـوێنی جوگرافیایی و دووری لە گۆڕەپانەکانی شـەڕی سـەفەوی و عوسـمانی لە سـەردەمی شـائیسـماییلدا – کە بە شـێوەیەکی سـەرەکی ناوچەکانی باکووری کوردسـتانی لە خۆگرتبوو - توانی نەچێتە ناو ململانێکان و سەربەخۆیی پاراست" (شەمسیموحەممەد، ١٠٠:٢٠٠٩). "لە دەیەی یەکەمی سـەردەمی شـاتەهماسـبدا، هەرچەندە ئەردەڵانەکان بە قۆناغێکی لاواز و ململانێی ناوخۆییدا تێدەپەڕین، بەڵام سـوودیان لە لاوازی و ئاژاوەی سـەرەتای دەسـەڵاتی ئەم پاشـایە لە لایەک و گرفتاریی سـوڵتانسـلێمانی قانوونی لە شـەڕگەی ڕۆژئاوا لە لەلایەکیترەوە وەرگرت و سـەربەخۆ *مانەوە" (کجباف و دیگران، ١٣٩٠).*

**مشتومڕ لە سەر ناوچەی ژێر دەسەڵات لە کوردستاندا:( ٩٤٠-٩٦٠ک/١٥٣٥-١٥٥٥ز)**

ساڵی ٩٤٠ کۆچی، لەگەڵ لەشکرکێشی، سوڵتانسلێمان(٩٢٦- ٩٧٣ک/١٥٢٠-١٥٦٦ز)خولێکی نوێی ململانێ دەسـتیپێکرد کە دیسـان پێی کوردی بۆ نێو ململانێی ئەو دوو ئیمپراتۆریە کردەوە. پێویسـتە ئاماژە بەوە بدرێت کە لەم کاتەدا ئێمە شـاهیدی

پەرەسەندنی سیاسەتی سەفەوییەکان لە کوردستان لە ئایدیالیزمی سەردەمی شائیسماییلەوە بۆ پلەیەک لە ڕیالیزم. حکوومەتی سەفەوی بەو ئەزموونەی لە شەڕی چاڵداران و لەدەستدانی باکووری کوردستان هەیبوو، جەختی لە گرنگیی ڕاکێشانی هاریکاری سەرۆکە خۆجێیەکانی کورد کرد. بە هۆگەلێ وەک دابینکردنی هێزی مرۆیی شەڕکەرانی خێڵەکان و شارەزاییان لە ڕێگاکانی هاتوچۆی دەڤەرەکە.

"لە سەردەمی شاتەهماسب و لە چوارچێوەی ڕوانگەی ڕیالیستی نوێدا، زۆرێک لە فەرمانڕەوا و میرەڕەسەنەکانی کوردستان، بەمەرجی بەشداریکردنیان لە شەڕی دژی عوسمانییەکان، ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسا کە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی سەفەویدا، درێژە بە حوکمڕانی پشتاوپشتی خۆیان بدەن" (بیگمنشی، ١٣٥٠:٥١). لە لایەکیتریشەوە سوڵتانسلێمان بە لەبیرکردنی بەشێک لەو ڕێککەوتنانەی کە بە دەستپێشخەریی مەلا ئیدریسی بدلیسی لەگەڵ میرەکوردەکاندا کرابوو، گوشاری خستە سەر بەشێک لە میرانیکورد و ناکۆکی لە نێوانیاندا دەستیپێکرد. بۆیە لە ناوەڕاستی سەدەی ١٠ی کۆچیدا، هەردوو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی لە کوردستان بە کردە، یەک سیاسەتییان پەیڕەو دەکرد کە تا ڕادەیەک مەیداندان بە حکوومەتە خۆجێیەکان و کەڵکوەرگرتن بوو لە تواناکانیان لە دژی یەکتر و لە هەمانکاتدا فشار و سەرکوتکردنیان لەکاتی گونجاودا.

یەکەم نیشانەکانی ئەو دۆخە نوێیە لە پێوەندیی لەگەڵ میرنشینی بدلیس دەرکەوت. لە سەروبەندی دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ شاتەهماسب، سوڵتانسلێمان پەنایدا بە یەکێک لە سەرکردە سەرەکییەکانی قزڵباش کە ناوی ئولامە سوڵتانی تەکەلۆ بوو کە لە حکوومەتی سەفەوی یاخی ببوو و بە ڕادەستکردنی حکوومەتی بدلیس بەو، دەیویست پلانەکانی داهاتووی خۆی لە دژی شا تاقی بکاتەوە و سوودی لێوەربگرێت. "داوایان لە میرشەرەف، حاکمی کوردی بدلیس (باپیری میرشەرەفخان، نووسەری کتێبی شەرەفنامە) کرد بە قازانجی ئۆلامە کەنار بگرێت. کاتێک دژایەتیی ئەم فەرمانەی کرد، لەشکرێک بە فەرماندەیی ئۆلامەسوڵتان و فیلپاشا چووە بدلیس و شەرەفخانی کوشت و ئەم میرنشینەی داگیرکرد (٩٣٩ی ک/١٥٣٢ز)" (هەمان، ل٦٦).
"دوای ئەم ڕووداوە شەمسەدینبەگ کوڕی شەرەفخانی کوژراو پەنای بۆ دەرباری شاتەهماسب برد" (حسینی استرآبادی، ١٣٦٤:٨٢).

ململانێکان لە سەردەمی شائیسماییلدا تەنیا ئازەربایجان و باکووری کوردستانی لەخۆ گرتبوو، بەڵام لەم قۆناغەدا بەهۆی فراوانبوونی مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەکان، بۆ بەشەکانی باشووری کوردستان و میزۆپۆتامیاش تەنییەوە. بەشێ

زۆرتر لەو میرنشـــینەکوردانە کە پێشتر دوورەپەرێز بوون وەک ئەردەڵانەکان، تێوەگلان و ناچاربوون هەڵوێست بگرن و لایەنگری لایەنێکیان بکەن.

**خولی یەکەمی تێکهەڵچوونەکانی شاتەهماسب وسوڵتان سلێمان:**

ســـاڵی ٩٤٠ کۆچی، ســـوپای عوســـمانی کە بەشـــێکی لە هێزی عەشـــیرەتە کوردەکان بوو، بە فەرماندەیی ئیبراهیم پاشای سەرۆکوەزیر و بە هاوکاری ئۆلمەسوڵتان تەکەلۆ، لە ڕێگەی کوردســـتانەوە هێرشـــی کردە ســـەر ئازەربایجانی ژێر دەســـەڵاتی سـەفەوییەکان و تەورێزی پێتەختی گرت. "پاشـان، سـوڵتانسـلێمان خۆی بۆ چەسـپاندنی ئەم ســـەرکەوتنە ڕووی لە ئازەربایجان کرد" (موســـتەفائەمین، ٢٠٠٥:٢٧). بەڵام هاتنی سوڵتان بۆ تەورێز هاوکات بوو لەگەڵ زستانی سەختی ئەو ساڵە و نەبوونی تفاق و ئالف بۆ سوپا. هەر بۆیە دەرەتانی ئەوەی نەبوو لەوێ بوەستێت و ""لە ڕێگەی شارەزوور و ناوچەی ژێر دەســـەڵاتی میرنشـــینەکانی ئەردەڵانەوە دەچێتە میزۆپۆتامیا، محەممەدخانی تەکەلۆ حاکمی ســـەفەوی بەغدا لە کار لائەدا و لەو گەرمێنە دەمێنێتەوە" (نوایی و غفاریفرد، ١٣٨1:١١٨). ئەسکەندەربەگی تورکمان دەنووسێت:

"ســوڵتان ســلێمان دەرفەتی مانەوەی لە عێراق نەبوو. لەبەر قاتوقڕی نەیتوانی لە ئــازەربــایجــانەوە بگەڕێتەوە، لە ڕێگەی شـــــارەزوورەوە گەڕایەوە کە ئــاوەدان بوو..." (بیگمنشی، ١٣٥٠:٦٨).

لەم هەلومەرجەدا ئـاوەدانی شـــــارەزوور لەم کـاتەدا چەســـــپێنەری گریمـانەی بێلایەنی و دووربوونی میرنشـینی ئەردەڵان لە ململانێکانی پێشـووی ئێران و عوسـمانیە. سـەرەڕای ئەمەش کاتێک سـوپای سـوڵتانسـلێمان بە خاکەکەیاندا تێپەڕی، تێوەگلان. هەرچەندە ســـەرچاوەکان باس لەم بابەتە ناکەن، بەڵام ســـرووشـــتییە کە بگەبەگی، حــاکمی ئەردەڵان (٩٠٠-٩٤٢ ک/ ١٤٩٤-١٥٣٦ز) لێرەوە، بە جیــدی لە دابینکردنی پێداویســتیی ســوپای عوســمانیدا هاوکاری کردووە. هەروەها کاتێک ســوڵتان لە بەغدا بوو، نێردراوێکی بۆ لای بگەبەگ ناردووە و داوای هاوکاریی لێکردووە بۆ گواستنەوەی هەندێک کەرەستەی سوپا. بەگەبەگیش ئەم ئەرکەی بەباشی جێبەجێ کردووە. دوای مردنی بگەبەگ (٩٤٢ ک/١٥٣٦ز)، *حکوومەتی عوسمانی بووە بە مەترسیی سەرەکی بۆ سەر میرنشینی ئەردەڵان.*

یەکێک لە لایەنە هەرەگرنگەکانی ململانێی سەفەوی و عوسمانی لە پێوەندی لەگەڵ میرنشینە کوردییەکان، تێوەگلانیان لە شەڕە جێگرایەتیەکانی ئەم دوو زلهێزە بووە. دەتوانین بڵێین شەڕی ئێران و عوسمانی هەم هۆکار و هەم بەرهۆی ململانێ ناوخۆییەکانی میرنشینە کوردییەکان بووە. هەندێک جار تەنیا بوونی میرێک لە بەرەی یەکێک لەو دوو زلهێزەدا بووەتە هۆی ئەوەی کە میرە هاوپەیمانەکانیان لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی گەورەتردا ببنە دوژمن. هەندێک جاریش پێچەوانە ڕوویداوە، واتە دوو خێڵ یان میرنشینی دراوسێ کە ململانێی کۆنیان لەسەر لەوەڕگە یان خاک و... هەبوو، هەریەکەیان هاوپەیمانییەکی جیاوازیان هەبووە لە نێو سەفەوییەکان و عوسمانییەکان. ئەمەش وای ئەکرد کە لە کاتی شەڕەکانی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەدا، کوردستان ببێتە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی خوێناوی نێوخۆیی میرنشین و هۆزەکانی کورد. "ساڵی ٩٤٨ی کۆچی، سوڵتانسلێمان میرانی عمادییە و هەکاری و برادۆستی ناردە سەر میری موکری، کە سەرۆکەکانی دوای مردنی سارم بەگ (لەوانەیە بەهۆی نزیکبوونیان لە خاکی سەفەوی، خۆیان لە مەترسیی و هەڕەشەی بەردەوامی قزڵباشدا دیتبێت) گوێڕایەڵییان بۆ شاتەهماسب ڕاگەیاندبوو. لەو شەڕەدا سێ میری موکری کوژران" (بدلیسی، ١٣٤٣:٦٨). جێگای تێڕامانە دوای ئەمەش سوڵتانسەلیم میرێکی موکری لە جێیان دادەنێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خودی میرەکوردەکان کە لەگەڵ یەک شەڕیان کردووە، دوژمنایەتییان لەگەڵ یەک نەبووە بەڵکوو لە پلەی یەکەمدا لە ڕاستای دابینکردنی بەرژەوەندیی عوسمانیەکاندا بووە. لە ڕوویەکیتریشەوە برێ جار شەڕ و ململانێی ناوخۆیی دوو خێڵ یان چەند میرنشینیکوردیی کاریگەر بووە لە سەر هەڵوێست و ململانێی سەفەوی و عوسمانی.

**سووڕی دووهەمی شەڕ و تێکهەڵچوونەکان:**

ساڵی ٩٥٤ک/١٥٤٧ز)، سوڵتانسلێمان بە هاوکاریی ئەڵقاس میرزای برای یاخیبووی شاتەهماسب، دووەم لەشکرکێشی گەورەی خۆی لە ڕێگەی کوردستانەوە بۆ ناوچەی ئازەربایجان دەستپێکرد. شاتەهماسب، دوای ئاگاداربوونی، لە شەنب غەزان لە تەورێز ڕاوەستا و فەرمانی بە ئیسماعیلمیرزا کرد کە ئەو سامانە گرینگانەی نێو خاکی دوژمن بە درێژایی ڕێگا (ئازەربایجان و کوردستان) بفەوتێنێ بۆ ئەوەی کێشە بۆ سوپای عوسمانی دروست بکات. ئەگەرچی سوڵتانسلێمان بۆ جاری دووەم تەورێزی داگیرکرد، بەڵام بەهۆی دابین نەکردنی پێداویستیی سوپا و ئۆپەراسیۆنە هێرشبەرەکانی قزڵباش، نەیتوانی زیاتر لە چوار ڕۆژ لەوێ بمێنێتەوە. بۆیە بەرەو کوردستان و دیاربەکر گەڕایەوە و بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە سوپایەکی لە قەڵای وان بە

جێهێشت. "دوای گەڕانەوەی سوڵتانسلێمان، سەفەوییەکان بە فەرماندەیی دوو شازادە (ئیسماعیلمیرزا و باراممیرزا) زەنجیرەیەک ئۆپەراسیۆنیان دەستپێکرد. هێرشێکیان بۆ سەر باکووری کوردستان دەستپێکرد و ئامانجیان گرتنی عادلجواز و قارس بوو" (حسینی استرآبادی، ١٣٦٤: ٧٣-٧٢).

هەرچەندە شاتەهماسب هاوشێوەی سوڵتانسلێمان، سەرکەوتنی بەردەوامی لە باکووری کوردستان بەدەست نەهێنا و زۆرینەی میرنشینە کوردییەکان لەو ناوچانە بە ژێردەستی حکوومەتی عوسمانی مانەوە، بەڵام دیسان بوونی سەفەوییەکان وەک سەنگێکی قورس لە هاوکێشەکانی ئەم ناوچانە چەسپا. لەم ناوچانەدا بەشێک لە هۆزە کوردەکان هاوپەیمانی عوسمانی و هەندێکیشیان هاوپەیمانی سەفەوی بوون و زۆربەیان بەپێی زیاد و کەم بوونەوەی دەسەڵاتی ئەو دوو لایەنە و هەروەها ڕەچاوکردنی پێویستیی بەرژەوەندیی خۆیان، پێگەیان دەگۆڕی.

لە باشوور، هاوپەیمانی سورخاببەگی ئەردەڵان لەگەڵ شاتەهماسب، لە چاو حاکمەکانی باکووری کوردستان، سەقامگیرتر و بەردەوامتر بوو. دوای هاوپەیمانی لەگەڵ شاتەهماسب لە ساڵی ٩٤٤ی کۆچی، سورخاببەگ هاوکارییەکی کاریگەر و بێپچڕانی لەگەڵ سەفەوییەکان هەبوو. "چەندین جار بە یارمەتی سوپای نێردراوی شاتەهماسب توانی مەترسیی عوسمانییەکان کە لە دوای یەخسیربوونی مەئموونبەگی دووهەمی برازای، بە ڕوونی خۆی دەرخستبوو (ساڵی ٩٤٤ی کۆچی)، لە خۆی و میرنشینەکەی دوور بخاتەوە" (ابن منوچهر، ١٥:٢٥٣٦).

"لە ساڵی ٩٥٦ی کۆچی، سورخاببەگ، برای یاخیبووی شاتەهماسبی واتە ئەڵقاسمیرزا کە هاوپەیمانی عوسمانییەکان بوو و تووشی شکست هاتبوو و لە قەڵای مەریوان خۆی تەسلیمی ئەو کردبوو، ڕەوانەی لای شاتەهماسب کرد و بەمکارە پێگە و ڕێزی خۆی لای پاشا زیاد کرد" (روملو، ٣٤٠:١٣٤٢).

لە دراوسێیەتی میرنشینی ئەردەڵان، میرانی کەڵهوڕی پاڵنگانیش، لەم کاتەدا پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ سەفەوییەکان دامەزراندبوو. بە گوتەی بدلیسی، "محمدبنغەیبوڵلابەگ میری پاڵنگان کە پیاوێکی زۆر زانا بووە و قوتابخانە و مزگەوتێکی لە پاڵنگان دروست کردبوو، لەگەڵ کچی شاتەهماسبی سەفەوی هاوسەر گیری کرد. دوای ئەویش میرئەسکەندەری کوڕی بەردەوام بوو لە گوێڕایەڵیی شاتەهماسب و شائیسماییلی دووهەم جێنشینی" (بدلیسی، ٤١٠:١٣٤٣).

*"ماوەیەک دواتر هاوکات لەگەڵ سەردەمی شاعەبباس یەکەم (٩٦٥-١٦٢٩-١٥٨٧/١٣٠٨) دەسەڵاتی میرانی کەلهوڕ بەسەر پاڵنگاندا کۆتایی هات و ئەم*

*ناوچەیە لەلایەن میرنشینی دراوسێ و گەورەترەوە واتە میرنشینی ئەردەڵان دەستی بەسەردا گیرا" (قاضی، ۱۳۸۷: ۱۰۰).*

**سووڕی سێهەمی شەڕ و تێکهەڵچوونەکان:**

لە سـالّی ۹٥۹ی کۆچیـدا، خولێکی نوێی ململانێی نێوان سـەفەوی و عوسـمانییەکان هەڵگیرسـا. لەم قۆناغەدا فەرمانڕەوا و هۆزەکانی کورد ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو بەتایبەت لە سـوپای عوسـمانیدا. هۆکاری سـەرەکیش بۆ هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر میرنشـین و هۆز لە باکووری کوردسـتان و لە ناوچەی ژێردەسـەڵاتی ئیمپراتۆری عوسـمانیدا دەگەڕایەوە. لەم کاتەدا ئەسـکەندەربەگی وان فاکتەری سـەرەکی بوو بۆ هێنانی کورد بۆ مەیدان دژ بە حکوومەتی سـەفەوی. سـەرەڕای ئەمەش کورد لە ئۆردووگـای بەرامبەردا ڕۆڵی چالاکانەی هەبوو. لە نێو ئەو فەرمانـدانەی کە شـاتەهماسـب لە سـاڵی(۹٥۹ک/۱٥٥۱ز)دا بۆ شـەڕکردن لەگەڵ ئەسـکەندەر پاشـای وان ناردنی، سـەرەڕای باڵادەسـتیی بەرچاوی قزڵباش، هەندێک فەرماندەی کورد دیارن. "لە نێو ئەو فەرماندانەی کە ڕەنگە فەرماندەیی بەشـێک لە عەشـیرەتەکەی (ڕۆژەکی)یان کردبێت، میر شـەمسـەدینی کورد(... باوکی شـەرەفخان بدلیسـی نووسـەری کتێبی شـەرەفنامە ...)" (قمی، ۱۳٥۸ :۳٥۳) کە پێشتر لە بەرامبەر گوشـاری عوسـمانییەکان پەیوەندی بە شـاتەهماسـبەوە کردبوو و وێدەچێت بەشـێک لە عەشـیرەتی ڕۆژەکیش لەم کۆچەدا هاوڕێییان کردبێت.

"دوای سـەرکەوتنە سـەرەتاییەکانی ئیسـماعیل میرزا، شـاتەهماسـب خۆی بە سـەرۆکایەتیی لەشـکرێک بەرەو ناوچەکانی باکووری کوردسـتان ڕۆیشـت و لە یەکەم هەنگاودا لە ۲٥ی ربیع‌الاول سـاڵی ۹٦۰ کۆچی، قەڵای ئەرجیشـی گرت کە دەکەوێتە باکووری دەریاچەی وان و بەرگریکارەکانی زۆربەیان کوردانی لایەنگری عوسـمانی بوون" (حسـینی اسـترآبادی، ۱۳٦٤: ۷۷). لەگەڵ نزیکبوونەوەی سـوپای سـەفەوی، ئەمانیش دڵسـۆزیی خۆیان بۆ عوسـمانییەکان لەبیرکرد و هاوکاریی ئەو سـوپایەیان دەکرد کە گەمارۆیان دابوو بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان.

**ئاشتی ئاماسیە: (۹٦۲ک/ ۱٥٥٥ز)**

"سوڵتانسلێمان کە لە حەلەب بوو، لە ڕێگەی کوردستانەوە چووە ئازەربایجان و شاتەهماسبیش، دوای ئەوەی نەخجەوانی بەجێهێشت، لە ناوچەی یەیلاغچای ئازەربایجان بـارەگـای دانـا" (نوایی وغفـاریفرد، ۱۳۸۱: ۱۲۱). بەڵام ئەم هەڵمەتـانە نەبوونە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەیان و تەنانەت بە پێچەوانەی جارانی پێشـووش، سـوپای عوسـمانی بەرەو

تەوریز و ئازەربایجان پێشـڕەوی نەکرد. سـوڵتانسـلێمان دوای گەیشـتنی بە نەخجەوان گەڕایەوە ئەرزڕووم و پەیامێکی ئاشتیخوازانەی بۆ شاتەهماسب نارد. "شاتەهماسب، لە یەکێک لە شەڕەکاندا، توانی سێنانپاشا یەکێ لە سەرکردەکانی سوپای عوسمانی دەستگیر بکات. نەیکوشت و لەگەڵ شاقولیبەگی قاجار ڕەوانەی لای سوڵتانی عوسمانی کرد و خواستی خۆی بۆ ئاشتی ڕاگەیاند" (هەمان، ل١٢١). ئەم ئامادەکاریانە، بووە هۆی واژۆکردنی یەکەمین ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان لە ئاماسیە (٩٦٢ک/١٥٥٥ز). لەم ڕێککەوتنەدا، بە پێی قورسایی هێزەکانی هەر دوولا، ئەرمەنستان، گورجستان، کوردستان، بەشێکی عەرەبستان بە سەر هەر دوو دەوڵەتدا دابەشکران.

لە ماوەی شەڕی ٢٠ ساڵەدا، شاکانی سەفەوی لە ناوەوە ئاڵوگۆڕی دیموگرافییان ئەکرد، جێگۆڕکێیان بە ئێڵەکانی کورد، لوڕ و تورکمان و ئازەری... هتد ئەکرد. "شائیسماییل بۆ بەهێزکردنی سنووری خۆراسان لە بەرامبەر هێرشی ئۆزبەکدا، ئێڵی کوردی قەرامانلوی لە کوردستانەوە بۆ خۆراسان گوێزایەوە" (توحدی، ١٣٦٤:١٣٧). "دوای ئەویش شاتەهماسبی کوڕی بەشێکی گەورەی ئێڵە کوردەکانی زەنگەنە، چگنی، زیک، کەلهوڕی لە کوردستانەوە برد بۆ خۆراسان" (هەمان، ل١٥٢). سوڵتانسلێمانی قانوونییش هەر بۆ هەمان مەبەست هەندێ لە ئێڵەکوردەکانی گوێزایەوە بۆ سەر سنوورەکان.

ڕێککەوتنی ئاشتیی ئاماسیە لە ساڵانی دوایی دەسەڵاتی شاتەهماسب و لە ماوەی کورتی دەسەڵاتی شائیسماییلی دووەمی(٩٨٣-٩٨٤ک/١٥٧٦-١٥٧٧ز)جێنشینیدا هەروا لەلایەن هەر دوولاوە ڕێزی لێگیرا (تا ساڵی ٩٨٥ک/١٥٧٨ز). ئەم ماوەیە بە ئارامییەکی نیسبییەوە تێپەڕێندرا بەڵام بە پێی بڕیارنامەکە ناوچەی کوردستان لە نێوانیاندا دابەشکرا. بە پێی ئەمەش بەشی هەرە زۆری باکووری کوردستان کە لە مەلاتیەوە لە ڕۆژئاوا و تا ناوچەی بایەزید لە ڕۆژهەلاتدا مەودای بوو، بە عوسمانی درا. لەم ناوچەیەدا تەنیا لێوارێکی شاخاوی و کوردنشینی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ کە خاکی میرنشینە کوردییەکانی وەک دونبولی، مەحموودی و برادۆست بوو، لە ژێر ڕکێفی حکوومەتی سەفەویدا مایەوە. بەڵام لە باشوور سەفەوییەکان زۆرتر دەستیان بەسەر ناوچە کورد نشینەکاندا گرت. "بەپێی هەندێک زانیاری، سورخاببەگی ئەردەڵان، کە لە سەرەتای حوکمڕانییەوە لەگەڵ شاتەهماسب هاوپەیمان و گوێڕایەڵی بوو، لە کاتی مەرگدا (٩٧٥ک/١٥٦٧ز)، ناوچەیەکی بەربلاو کە لە ڕۆژئاوا تا سنوورەکانی ڕواندز و عمادیەی دەگرتەوە، لە دەستیدا بوو" (ئەلحوسەینی، ٢٠٠٢:١٦). هەروەها سەرەڕای ئەوەی کە بە پێی بڕیارنامەی ئاماسیە سەفەوییەکان میزۆپۆتامیا و بەغدایان ڕادەستی عوسمانیەکان کردبوو، بەڵام بە پێی ئەوەی ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس سەر بە سەفەوی بوون،

هۆزی کەڵهۆر و هەر دوو میرنشـــــینی باکوور و باشــــوور (پاڵنگان و دۆڵی تەنگ[٨]) لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی سەفەویدا و لە پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵیدا مانەوە.

**٦- لە کۆچیدوایی شاتەهماسبەوە تا دەستبەکاربوونی شاعەبباسی یەکەم (٩٨٤-٩٩٦ ک/ ١٥٧٦-١٥٨٧ز)**

**- شائیسماییلی دووەم (٩٨٤-٩٨٥ ک/١٥٧٦-١٥٧٧ز):**

لە مـاوەی کورت و بەپەلەی ســـەردەمی شـــائیســـماییلی دووەمـدا، هیچ گۆڕانکـارییەکی گەورە لە پەیوەنـدییەکـانی نێوان حکوومەتی ســـەفەوی و میرەکوردەکـانـدا ڕووی نەدا. بۆیە ئەو میرنشــــین و هۆزانەی کورد کە بە پێی ڕێکەوتننامەی ئاماسـیە لە ناوچەی ژێردەسـەڵاتی سـەفەویدا هەڵکەوتبوون، لە سـەردەمی شائیسماییلی دووەمیشدا بەردەوام گوێڕایەڵی حکوومەتەکەی بوون. بە گوتەی بدلیسی، "دوای ئەوەی شـائیسـماییلی دووەم دەسـەڵاتی بەدەسـتەوە گرت، مەنسوربەگ، یەکێک لە میرانی مەحموودی، هاتە لای و دڵسۆزیی خۆی ڕاگەیاند و لەلایەن پاشاوە وەرگیرا و زۆر لاواندیان" (**بدلیسی**، ١٣٤٣:٣٩٤). لەم ناوچەیەدا فەرمانڕەواکانی دونبولیش بە هاوپەیمان و ژێردەسـتەی سـەفەوییەکان دادەنران. سـەبارەت بە میرنشـینی موکریانیش دۆخەکە هەر وەها بوو.

دوو کوڕەمیری ئەردەڵانی بە نـاوکـانی تەیموورخـان و هەڵۆخـان لە قەزوێن لە بەســـاتبەگی مامیان (٩٧٥-٩٨٥ ک/ ١٥٦٧-١٥٧٧ز) یاخیبوون و دوای ئەو یاخیگەرییە، بەســـاتبەگ بۆ ســـەرکوتکردنی ئاژاوەکە دەکەوێتە جووڵە. ئەوان پەنا دەبەنە لای شائیسماییلی دووەم. ئەمە هەلێکی باش بووە بۆ دەستێوەردانی شائیسماییل لە کاروباری میرنشـــینی ئەردەڵان کە ســـەرەڕای هاوپەیمانیان لە دژ عوسـمانییەکان، ســـەربەخۆیی ناوخۆییان پاراسـتبوو. "وێدەچێت شـائیسـماییلی دووەم و ئەندامانی حکوومەتی سـەفەوی ویستوویانە ئەم دەرفەتە بەکاربهێنن بۆ لاوازکردنی میرنشـینی ئەردەڵان، و تەیموورخان و هەڵوخـانیش بەم بۆنەوە قەبووڵکران و پێشـــوازییـان لێکرا. بەڵام "پێش ئەوەی هیچ هەنگـاوێکی کردەیی بگرنەبەر بۆ پشـــتگیریکردنیـان، مردنی بەســـاتبەگ و شـــائیســـماییلی دووەم، کە لە ماوەیەکی زۆر نزیک لە یەکترەوە ڕوویدا (ســـاڵی ٩٨٥ک/١٥٧٧ز)، کۆتـایی بە ئـاژاوەکە هێنـا" (کردســـتـانی، بی تـا: ٩٨). دوای ئەوە تەیموورخان بەبێ هیچ دژبەرێ لەسەر کورسی میرنشینی ئەردەڵان جێگیر بوو.

**شامحەممەد خودابەندە (٩٨٥-٩٩٦ک/١٥٧٨-١٥٨٧ز):**

زۆر کەس محەممەدخودابەندە بە یەکێک لە پاشالاوازەکانی سەفەوی دەزانن. "ناتەواوی جەستە و دڵناسکی و بەبەزەیی‌بوونی، بەستێنی بۆ دەستێوەردانی سەرکردەکانی قزڵباش لە کاروباری وڵاتدا، کە تەنانەت لە دوای شکستی چاڵدارانەوە، پێگەی شا لایان وەک سەرکردە و سێبەری خواوەند لە سەر زەوی، لەرزۆک بوو، ئامادە کردبوو. لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی عەشیرەتەکانی قزڵباش ببوو بە گەورەترین فاکتەری ناسەقامگیریی"(سیوری، ١٣٧٥: ٦٨). هەروەها لاوازیی دەسەڵاتی پاشا، وەک دامەزراوەیەک کە هۆکاری هاوسەنگیی دەسەڵاتی تورک و تاجیک (بەرەی شمشێر و بەرەی قەڵەم) لە حکوومەتی سەفەویدا بوو، ببوو بە هۆکاری ناکۆکی و ململانێی نێوان ئەم دوو توخمە و کێشە و ئاژاوەی زیاتری لێکەوتەوە. بۆیە کاتێک داگیرکارییەکانی عوسمانی دەستی پێکردەوە، حکوومەتی سەفەوی لە دۆخێکی لاوازدا بوو." لە سەرەتای دەسەڵاتی شامحەممەدی خودابەندە، سوڵتانموورادی سێیەم بە پێچەوانەی مەرجەکانی پەیمانی ئاشتیی ئاماسیە کە تا ئەوکاتە لەلایەن هەردوولاوە ڕێزی لێدەگیرا، بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر ئێران. هۆکاری دەستپێکی ئەم لەشکرکێشییە، ململانێی سنووری نێوان میرەکوردەکان بوو". (بدلیسی، ج١، ١٣٤٣: ٤٠٦- ٤٠٨)

ساڵی ٩٨٦ی کۆچی، فەرهادپاشا، ژنراڵی عوسمانی، ڕاسپێردرا بۆ هێرش‌کردنە سەر ئێران و داگیرکردنی ئازەربایجان و شیروان. بەم شێوەیە، "دوای دوو دەیە ئارامی، زنجیرە شەڕێکی دیکە دەستی پێکرد کە سەرەڕای ئازایەتی و چاونەترسیی هەمزەمیرزا، جێنشینی شامحەممەدی‌خودابەندە، بەرهەمی باڵادەستی و پێشکەوتنی عوسمانییەکان بوو و لە ڕەمەزانی ساڵی ٩٩٣ی کۆچیدا تەورێزیشیان گرت و بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆیان، قەڵا و دژی بەرگرییان تێدا دروست کرد"(بیانی، ١٣٥٣:١٧٢). باڵادەستیی عوسمانییەکان لە ئازەربایجان و کوردستان، زۆرێک لە عەشیرەت و میرنشینە کوردییەکانی پاڵپشتی سەفەوییەکانی ناچار کرد بە هەڵوێستی خۆیاندا بچنەوە. تەیموورخانی ئەردەڵان کە هەر لە سەردەمی دەسەڵاتداری شامحەممەدی خودابەندەوە لەسەر تەختی میرنشینی ئەردەڵان دانیشتبوو، سوودی لە لاوازیی حکوومەتی سەفەوی و پێویستیی عوسمانییەکان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی وەرگرت و ئەم میرنشینەی گەیاندە ئەوپەڕی دەسەڵات و فراوانبوونی لە سەردەمی سەفەویدا. (زکی‌بیگ، ١٣٨٨: ٢١٨)

لە سەردەمی شامحەممەدی خودابەندەدا، دەسەڵاتی حکوومەتی سەفەوی لە ناوچە کوردنشینەکاندا تەواو ببوو. "سەبارەت بە ناوەند و باشووری کوردستان، واتە ئەردەڵان و کەلهوڕ، کە سەفەوییەکان بە شێوەی نەریتی تا ناو جەرگەی کوردستانیان

له ژێر ڕکێفدا بوو و تەنانەت لوڕستانیش، هیچ میرنشینێکی کوردی لە ژێردەسەڵاتی حکوومەتی سەفەویدا نەمایەوە. وێدەچێت هەر لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی کەلهوڕ بەسەر پاڵەنگانیشدا کۆتایی هاتبێت. چوونکە بە گوتەی بدلیسی "سوپای شارەزوور پاڵنگانی گرت" (بدلیسی، ١٣٤٣:٤١٠).

## ٧- هاتنی شاعەبباسی یەکەم تا ڕێککەوتنی پەیماننامەی زەهاب (٩٩٦-١٠٤٩ ک/(١٥٨٧-١٦٣٩ز)

**قۆناغی لاوازیی شاعەبباس:**

کاتێک شاعەبباسی یەکەم بە یارمەتیی سەرکردەکانی قزڵباش و بە لادانی شامحەممەدی خوابەندەی باوکی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، میراتبەری دۆخی شێوانشێوی باوکی بوو. سەرەتا مێرمنداڵێکی کەمئەزموون بوو. فەرماندە سەرکێشەکانی قزڵباش کە خۆیان بە خاوەن مافی فەرمانڕەوایی دەزانی، وەک ئامراز سەیریان دەکرد. بۆیە زۆر بوێرانە ڕووبەڕووی قزڵباشەکان لە ناوخۆ و دوژمنانی دەرەکیش (ئوزبەکەکان لە ڕۆژهەڵات، عوسمانییەکان لە ڕۆژئاوا) وەستا. پشێوی دەرباری سەفەوی، سوڵتانسەلیمی دووەم (٩٨٢-١٠٠٤ک /١٥٦٦-١٥٧٤ز) هاندا کە درێژە بە سەرکەوتنەکانی لە ئێران بدات.

"ساڵی ٩٩٨ ک/١٥٨٩ز)لەگەڵ عوسمانییەکان پەیماننامە[٩]ی ئاشتی واژۆ کرد، کە لەسەر بنەمای ئەو پەیمان نامەیە دەسەڵاتی عوسمانییەکان بە سەر بەشێک لە دەوڵەمەندترین میرنشینەکانی ڕۆژئاوا وەک ئازەربایجان و کوردستان بە فەرمی دەناسرا"( سیوری، ١٣٧٥: ٧٥). قەبووڵکردنی ئەو جۆرە هەلومەرجە ئاڵۆزە، لاوازیی پێگەی شاعەبباس دەردەخات لە کاتێ کە هاتە سەر تەخت.

لە کوردستانیش بارودۆخی لاوازیی سەفەوی سەردەمی شامحەممەدی خودابەندە بۆ شاعەبباس مایەوە. بەو مانایەیە کە حکوومەتی سەفەوی دەسەڵاتی بە سەر ناوچە کوردنشینەکانەوە تەواو و پەیوەندی بە میرنشینەکوردییەکانەوە پچڕابوو. لەم سەردەمەدا زۆرینەی میرانی کورد، تەنانەت ئەوانەی وەک ئەردەڵان و سەرۆکعەشیرەتەکانی کەلهوڕ کە کەمتر بەر کاریگەریی عوسمانی کەوتبوون، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، پشتیان لە سەفەویی لاواز و ڕوویان لە بەرەی عوسمانی کرد. ئەم دۆخە تا ساڵی ( ١٠١٢ک/١٦٠٣ز) و گەڕانەوەی سەفەوییەکان بەردەوام بوو.

## گەڕانەوەی سەفەوییەکان بۆ کوردستان (١٠١٢-١٠١٥ ک/ ١٦٠٣-١٦٠٦ز):

شـــاعەبباس لە نێوان ســـاڵانی ٩٩٨ بۆ ١٠١٢ی کۆچی(١٥٨٩/١٦٠٣ز)، ســـەرقاڵی ڕێکخستنی کاروباری وڵات و شەڕی بەرەی ڕۆژهەڵات و ملکەچکردنی یاخیبووانی وڵات بوو. خۆی لە دۆخێکـدا دیتەوە کە بتوانێـت ڕووبەڕووی بەهێزترین دوژمنی خۆی واتە عوســـمانی ببێتەوە. بۆیە ســـاڵی(١٠١٢ک/١٦٠٣ز) لە نەبوونی هێزەکانی عوســـمانیدا، بە ئاسانی دەچێتە ناو تەورێز. داگیرکردنی تەورێز بە مانای سەرهەڵدانەوەی سەفەوییەکان لە ئازەربایجان (دوای ٢٧ ســاڵ داگیرکاری عوســـمانی) و پێشـــڕەوی نزیکیان بۆ ناوچە کوردنشـــینەکـان بوو. میرانی کورد نـاچـار بوون لەم بـارودۆخە نوێیەدا بەرامبەر بە حکوومەتی سـەفەوی هەڵوێسـت بگرن. "هەموو شـاکانی عەجەم، بە پێی تواناى خۆیان، درێژەیان بە هەمان سیاسـەتی شائیسـماییلی یەکەم ئەدا بەرانبەر بە کورد. ئەم سیاسـەتە لە ســـەردەمی شـــاعەبباســـی یەکەمدا (٩٩٦-١٠٣٨ک/١٥٨٧-١٦٢٨ز) چووە قۆناغێکی نوێی جێبەجێکردنەوە کە لە سەر سێ پایەی سەرەکی دامەزرابوو":

١. گۆڕینی بنەڕەتیی هەلومەرجی دێموگرافی ســـەرووی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان و ڕاگوێزانی ئێڵە گەورەکانی کورد بۆ ناوچە دوورەکانی سەرووی ڕۆژهەڵاتی ئێران، بەتایبەتی بۆ خۆراسان و هێنان و جێگۆڕکێی ئێڵە ئازەرییەکان بۆ کوردستان،
٢. هەوڵدان بۆ گۆڕینی زۆرەملێیی مەزەبی خەڵکی کوردستان لە سونییەوە بۆ شیعە،
٣. ســـەرکوتکردنی بێبەزەیی و توندوتیژی هەموو ســـەرکێشـــییەکانی کورد (مستەفائەمین، ٢٠٠٥: ٢٦)،(منجم ،صص٣٨٤ و٣٨٥، ٣٨٧)، (بیگ منشی ،ج٢،ص٨١٣)

پاشـــاکانی ســـەفەوی ئەمانیان بە ئەمارەتە کوردییەکان نەدەدا، شـــاعەبباســـی ســـەفەوی بەردی بناغەی قەڵای دمدم، ناوەنـدی فەرمـانڕەوایی ئەمیرخـانی برادۆســـت "خانیلەپزێڕین"ی دەرهێنا. ئەمجار ســـوپای قزڵباشـــی وەســـەر ئەمارەتی موکری گێڕا و کارەساتی موکریقڕانی خوڵقاند. کاتبی تایبەتیی شاعەبباس نووسیویەتی:

"... ئاورگی عێلی موکری کوژاوە، پیاوەکانیان بوونە خۆراکی شـــمشـــێرە ناودارەکان، ژن و مناڵیان زەلیل کران و بە دیلگیران..." (ترکمان، ٤١١:١٣٨٠).

"شاعباس دوای ئەو قەڵاچۆکردنەش دەستبەرداریان نەبوو، دەستووری بە سەرۆک عەشـــیرەکوردییەکان دا، ئەوانەی لە چنگی قزڵباش هەڵاتوون، بیانگرن و بیانکوژن، ئەگینا بە دەردی ئێلی موکریان دەبا" (فلســـفی، ٨٩٩:١٤٠١). "شـــاعەبباس بەوەندەشـــەوە نەوەســـتا و زیاتر لە پەنجاهەزار بنەماڵەی عەشـــیرەتی جەلالی بۆ خۆراســـان کۆچ پێدا" (مەدەنی، ٤١١:١٣٨٠).

یەکێ لە شـێوازەکانی سـوپای عەجەم بە درێژایی مێژوو بۆ زەبر وەشـاندن لە کورد و داگیرکاریی خاکی کوردان، سـوێندی درۆ و ئەمانپێدان و فێڵ لێکردن بووە کە خۆیان بە "لطائف الحیل" ناوی لێدەبەن. کاتێ ویسـتیان قەڵای حسـەینسـوڵتانی ناوچەی لەیلانی مەراغە داگیر بکەن، چەکی سـەرەکییان "لطائف الحیل" بوو و کوردی خۆشباوەڕیش وەک نەریتی هەمیشـەیی هەڵخەڵەتا. دوای ئەوەی خەڵکی لە قەڵاکە وەدەرکەوتن، هەر هەموویان کوشـتن و ژن و منداڵیان یەخسـیر کران بێئەوەی خوێن لە لووتی یەکێ لە سوپای عەجەمەوە بێت.

"لە سـاڵی ١٠١٩ک(١٦١٠ز)شـا (عەباس) خۆی دەچێتە مەراغە و وا خۆی نیشـان ئەدا کە گوایە میهرەبانە لەگەڵ قوبادخان. ئەویش فریوی ڕواڵەتی خوارد، "قوبادخان لەگەڵ کۆمەڵێ کەسی بەڕێز و سەدوپەنجا سوارچاکادا چوونە لای پاشا و هەر کە چوونە ناو کۆشکی شاهانە، ئەو و ئاغاکانی هاوڕێیان کوشت. دەیانویست ئەوانیتریش بکوژن زوو پێیان زانی و هەڵهاتن..." (زکیبیگ، ١٣٨١: ١٤٦).

زەبروزەنگی خوێناوی شـاعەبباس ئەگەرچی زەرەری گیانی و ماڵی زۆری لە ئێڵەکانی موکریان و برادۆسـتدا، بەڵام نەیتوانی گیانی بەرەنگارییان تێدا بکوژێ. "پاش شـەشسـاڵ لە داگیرکردنی قەڵای دمدم، کوردەکانی برادۆسـت سـەر لە نوێ قەڵاکەیان ئازاد کرد و ناوچەکەیان گرتەوە دەست، بەڵام هێزی قزڵباش چوە سەریان و بۆ جاری دووەم قەڵای دمدمیان لە دەست کورد دەرهێنا" (مستەفائەمین، ٢٠٠٥:٣١).

دیارە کە خایاندنی باڵادەسـتیی سـەفەوییەکان لەو بەشـەی ناوچە کوردنشـینەکان کە لە ژێر دەسـەڵاتیاندا بوو، درەنگ یان زوو ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی ناوەندی کە لەو سەردەمەدا مەیلی ناوەندگەرایی بەهێزی هەبوو، لەگەڵ عەشـیرەتە کوردییەکان و میرنشـینەکان دروسـت دەکرد کە مەیلیان بەرەو سـەربەخۆیی و خودموختاری بوو. لەمەودوا (١٠١٥ک/١٦٠٦ز) تا کۆتایی سـەردەمی شاعەبباس، جاروبار شاهیدی تێکگیرانیان هەین. بێگومان پێگەی هەستیار و سنووری میرنشـینە کوردییەکان لە تەنیشـت ئیمپراتۆریەتی عوسـمانی، کە هێشـتا شـەڕ لەگەڵیاندا بەردەوام بوو، تا ڕادەیەک ئەمەی میانەڕەو کرد و ڕێگر بوو لە لکاندنی تەواوەتیی میرنشینە کوردییەکان بە خاکی حکوومەتی ناوەندییەوە.

لەم سـەردەمەدا هەرچەندە حکوومەتی سـەفەوی بە شـێوەی جۆراوجۆر هەوڵی لاوازکردن و دروسـتکردنی ناتەبایی لە نێوان میرنشـینە کوردییەکان دا و بە توندی وەڵامی هەر نافەرمانییەکی دایەوە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵوەشـاندنەوەی

سیستەمی میرنشینی لە کوردستاندا نەگرتەبەر.

پێکدادان لەگەڵ میرنشینەکوردەکان لە میرنشینی برادۆستەوە دەستی پێکرد. ئەمیرخانی برادۆست کە بە فەرمانڕەوای "ئورمی و ئوشنی" ناودەبرێت (منجم، ١٣٦٦: ٤٠١)، "لەم سەردەمەدا بوو بە دەسەڵاتدارترین حاکمی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ و جگە لە حوکمڕانی ورمێ و ئەشنۆیە، بەرپرسیارێتی هۆزەکانی کورد لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ (ڕۆژئاوای ورمێ) و سۆما و برادۆستی لە ئەستۆ بووە" (بدلیسی، ١٣٤٣: ٨٥).

لە ساڵی( ١٠٢١ک/1612ز) دوو ساڵ دوای کۆمەڵکوژی موکرییەکان، هاوکاریی ئەوان لەگەڵ حکوومەتی سەفەوی لە دژی ئیبراهیمبەگی بولبولان، میرێکی دیکەی کورد دەبینین. ئیبراهیمبەگ چەند جارێک بە تاڵانکردنی ورمێ و ناوچەکانی دەوروبەری تۆمەتبار کرابوو. بۆیە شاعەبباس فەرمانی سوپایەکی ئامادە بە سەرکردایەتیی هاوبەشی شێرسوڵتانی موکری و سەردارێکی قزڵباش بۆ سەرکوتی دەرکرد. لەم شەڕەدا موکرییەکان ڕۆڵی بەرچاویان لە تێکشکانی حاکمی بولبولان هەبوو. هەر لە هەمان ساڵی( ١٠٢١ک/١٦١٢ز)دا، جارێکی دیکە باس لە هاوکاریی موکرییەکان لەگەڵ قزڵباش لە سەرکوتکردنی کەسێک بە ناوی "گولابیبەگی کورد دەکرێت، کە لە سەرچاوەکاندا باسی ڕەچەڵکی عەشیرەتەکەی نەکراوە" (منجم، ١٣٦٦: ٣٨٥).

مامەڵەکردن لەگەڵ میرنشینی ئەردەڵان لە سەردەمی هەڵۆخان(٩٩٦-١٠٢٦ک/١٥٨٧ز)دا کە بەهێزترین و فراوانترین میرنشینی کوردستان بوو، بەشێوەیەکی جیاواز ئەنجامدرا. ئەگەرچی دوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی سەفەوییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵۆخان گوێڕایەڵی بۆ شاعەبباس ڕاگەیاندبوو، بەڵام شاعەبباس ئەوەی بەدڵ نەبوو. چەند جار هێزی نارده سەری بەڵام شکستی هێنا. دواجار ویستی خۆی بچێت بەڵام لە بەر مەترسیی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی عوسمانی پەژیوانیان کردەوە. کشانەوەی شاعەبباس لە هێرشەکەی سەر هەڵۆخان نیشان دەدات کە چۆن لە هەندێک حاڵەتدا دۆخی سنووریی میرنشینەکوردییەکان بووە هۆی هاوسەنگکردنی سیاسەتەکانی شاعەبباس. لە ژێر گوشاری سەفەویدا، هەڵۆخان کوڕی گەورەی خۆی بە نێوی خانئەحمەدخان وەک بارمتە و گەرەنتی ڕەفتاری داهاتووی دەنێرێتە ئیسفەهان. شاعەبباس بۆ ماوەیەکی زۆر خانئەحمەدخان ڕادەگرێت و خوشکێکی خۆی بە نێوی "کلاوزێرین خاتوون"ی لێ مارە دەکات و پواز بۆ بنەماڵەی ئەردەڵان دەتاشێت.

بڕیاری شاعەبباس بۆ گەڕاندنەوەی خانئەحمەدخان لە سەردەمێکدا کە هێشتا هەڵۆخان لە ژیاندا بوو، بە هەر مەبەستێک ئەنجام بووبێت دەبێتە هۆی گرژی و ململانێی

دەسەڵات لە نێو میرنشینی ئەردەڵاندا. "خانئەحمەدخان لە قەڵای زەڵمەوە جمووجووڵی دژی باوکی دەسپێکرد، کاتێک هەڵۆخان بە مەبەستی بەهێزکردنی قەڵایەکیتر، قەڵای حەسەنئاوای بەجێهێشتبوو، خانئەحمەدخان بە هاوکاریی لایەنگرانی چووە نێو قەڵاکە و باوکی لابرد و خۆی لە سەر کورسی میرنشینی ئەردەڵانی (١٠٢٦ک/١٦١٧ز) دانیشت" (بیگمنشی، ١٣٥٠: ٩٢٦). ڕۆڵی شاعەبباس لە هاتنە سەرکاری خانئەحمەدخان، یەکەم نموونەی دەستێوەردانی حکوومەتی سەفەوییە لە پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات لە میرنشینی ئەردەڵاندا. ئەمەش وایکردووە هەندێک لە لێکۆڵەران ئەو باوەڕە قبوڵ بکەن کە "لکاندنی یەکلاکەرەوە و کۆتایی میرنشینی ئەردەڵان بە خاکی سەفەوییەوە لەم ماوەیەدا ڕوویداوە" (برن، ١٣٤٩: ١٢٠). دەسەڵات و کاریگەریی حکوومەتی سەفەوی لە کوردستان لە سەرەتای سەردەمی شاعەبباسی یەکەم (٩٩٦ک/١٥٨٧ز) تا کۆتایی دەسەڵاتی (١٠٣٨ک/١٦٢٨ز) چ لە ڕووی قووڵایی کاریگەری لە ناوچە کوردنشینەکان و چ لە ڕووی ڕادەی بەکارهێنانی سەروەری بەسەر حکوومەتە ناوخۆییەکاندا، ڕوو لە هەڵکشان بوو.

**سەردەمی شاسەفی و ڕێککەوتنی "ئاشتی زەهاو"[١٠]:**

دوای مردنی شاعەبباس لە ساڵی( ١٠٣٨ک١٦٢٨ز)، نەوەکەی سامیرزا (شێخ سەفی)(٩٥٥-١٠٢٤ک/ ١٦٢٩-١٦٤٢)بوو بە جێگری. پاشای نوێ هەر لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتەوە هەمان ڕەفتارەی گرتەبەر کە شاعەبباس لە کۆتایی دەسەڵاتی خۆیدا سەبارەت بە کوشتنی شازادەکان گرتبوویە بەر. یەکێ لە قوربانییەکانی سورخاببەگ کوڕی خانئەحمەدخانی ئەردەڵان و زەڕینکڵاوخاتوون بوو، کە بەهۆی پەیوەندیی بە بنەماڵەی سەفەوییەوە و ئەو ئازایەتی و دلێریەی کە سەرچاوەکان لێی دەگەڕێننەوە، ئێرەیی و گومانی لێدەکرا. "لە ساڵی ١٠٣٩ک/١٦٢٩ز) بە فەرمانی شاسەفی هەر دوو چاویان هەڵکۆڵی" (ابن منوچهر، ٢٥٣٦: ٢٩).

کوێرکردنی کوڕی خاوەن دەسەڵاتی ئەردەڵان (سورخاببەگ) جگە لەوەی پیشاندەری نائاگایی و کورتبینی شاسەفی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ میرەکوردەکاندا بوو، بەڵکوو کاردانەوەی خانئەحمەدخانیش بەرامبەر بەم دۆسیە یەکلاکەرەوە و جدییە، ئەوە نیشان دەدات کە بەردەوامیی کێشەی نێوان سەفەوی و عوسمانی، توانیویە هەلی پێویست بەقازانجی ئەمیرەکوردەکان دابین بکات. هەڵوێستی گۆڕی و پاڵی بە عوسمانییەکانەوە دا.

پرسی ئاخێزی خانئەحمەدخان بە تەواوی پەیوەست بوو بە شەڕی ئێران و

عوســـــمانییەوە. خانئەحمەدخان دەســـــتی کرد بە داگیرکردنی خاکی حکوومەتی سەفەوی و لە ساڵی( ١٠٤١ك/١٦٣١ز)، لە قەڵای حەسەنئاوا تاجی شائەحمەدخانی لەسەر دانا. "بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیدا کە بەشێکی زۆر لە کرماشان تا ورمێی دەگرتەوە، حاکمی ژێر دەسەڵاتی ئەو دانرا و بە ناوی ئەویشەوە سکە لێدرا و بە ناوی ئەوەوە وتاری هەینی (خوتبە) دەخوێندرایەوە" (اردلان، ١٣٧٨: ٤٩).

ساڵی(١٠٤٥ك/١٦٣٥ز)شاسەفی لەشکرێکی نارد بۆ سەرکوتکردنی" (حسینی استرآبادی، ٢٥٤:١٣٦٤). خانئەحمەدخانیش داوای یارمەتی لە حکوومەتی عوسمانی کرد. "ساڵی(١٠٤٦ك/١٦٣٦ز) سوپای عوسمانی بە هاورێیەتی خانئەحمەدخان دووجار لە پەنای گۆلی "زرێبار"ی "مەریوان"دا ڕووبەڕووی یەک بوونەوە، جاری یەکەم شکستی خوارد بەڵام جاری دووهەم سەرەڕای ئەوەی بەسەر زەینەلخانی شاملو سەرکردەی سەفەویدا سەرکەوت و تا هەمەدان ڕایماڵی، بەڵام نەیتوانی ئەو سەرکەوتنانە ڕابگرێت، کە شاسەفی گەیشت پاشەکشێی کرد" (ئەلحوسەینی، ٢٥:٢٠٠٢).

مەیلی خانئەحمەدخانی ئەردەڵان بۆ لای عوســـــمانییەکان، دوانموونەی گۆڕانی بەرەی میرانی کوردە لە نێوان ســــەفەوی و عوســـــمانییەکان. پاش ماوەیەکی کەم، لەم ئەزموونە شکستخواردووە، ڕێککەوتنی "ئاشتی زەهاو" لە نێوان ئێران و عوسمانییەکان واژۆ کرا. بەم شــێوەیە ئاشـــتی لە ســــنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران تا کۆتایی ســــەردەمی سەفەوییەکان سەقامگیر بوو. ئەم گرێبەستە بە خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانی حکوومەتی ســــەفەوی و میرنشــــینەکوردییەکاندا دادەنرێت. چوونکە بە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکانیتر کە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی واژۆ کران، بوو بە هۆی کۆتاییهاتنی گرژییەکان لە سنوورەکانی ڕۆژئاوادا. لێرەبەدواوە ڕۆڵی دەسەڵاتدارانی کورد لە شـــەڕەکانی هەردوولا، کۆتایی هات و حکوومەتی ســـەفەوی خۆی لە پێگەی دەســـەڵاتدا دیتەوە. ڕێککەوتنی زەهاو ناوچەی ژێر دەســـەڵاتی حکوومەتی ســـەفەوی و عوسمانی لە کوردستاندا بە فەرمی ناسی و سەقامگیر بوو.

**کۆبەند:**

١. لێکەوتە و تێچووی ئەم شەڕە لەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریی کۆمەڵگا بریتین لە: یەکەم بە فیڕۆدانی هێز و توانا و فەوتانی سەرچاوە مرۆیی و ئابووریی و سرووشتییەکانی کورد، دووهەم نانەوەی شەڕ و ئاژاوە و دروستکردنی دووبەرەکی لە نێو ماڵی کورددا، سێهەم لە ناوچوون و وێرانکردنی ئاســـــەوارە مێژووییەکانی کورد، چوارەم پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگای کوردی،

پێنجەم گۆڕینی کوردستان بۆ ناوەندی ململانێ و دوژمنایەتییەکانی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییە، شەشەم ئاسانکاری بۆ دابەشبوونی فەرمیی کوردستان، حەوتەم لەتلەتکردن و فراوانبوونی نەریتی میرنشینی، هەشتەم کەڵک وەرگرتن لە کورد وەک دەستەچیلەی بەرئاگردانی شەڕ.

٢. کورد بە خۆی و هەڵوێستە خوازراو یان نەخوازراوەکانی، زۆر جار ئاقاری شەڕ و ململانێی نیوان عوسمانی و سەفەوی گۆڕیوە.

٣. **هۆکارەکانی یەکنەگرتن و ناتەبایی کورد: یەکەم دەرەکی:** دەستێوەردانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان کە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر، ئاگری ناکۆکی نێو ماڵی کوردیان تاوداوە و لە هەموو ئامرازێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کەڵکیانوەرگرتووە. **دووهەم ناوخۆیی:** ئاستی نزمی بیرکردنەوە، خۆشباوەڕی و فریوخواردن و بەرژەوەندیی کاتی و ناوچەیی سەرۆک هۆز و ئێڵەکان. زۆرکات ئەوەندەی وا ڕقیان لە خۆیان بووە و بە خۆیانەوە خەریک بوون بە نەیار و دوژمنانەوە نەبوون.

٤. کوردستان بە هۆی شوێنی هەرە گرنگ و ستارتێژیکی جوگرافیاییەوە: یەکەم ڕێگای هاتوچۆی دوو زلهێزی عوسمانی و سەفەوی بووە، دووهەم گۆڕەپانی شەڕ و ململانێکانی هەردوو لا، سێیەم هەبوونی سەرچاوەی سرووشتی لە کوردستاندا، چوارەم بوونی قەڵا و میرنشینی زۆر وەک سەنگەر و قەڵای بەرگیری، پێنجەم دابینکردنی جەنگاوەری بە توانا و لێهاتوو.

٥. **هۆی جێگۆڕکێ و هەڵوێستی کورد بریتییە لە** یەکەم: زەختلێکردن و ناچاربوون، دووهەم پاراستنی بەرژەوەندی، سێهەم خۆ دوور گرتن لە شەڕ و ماڵوێرانی، چوارەم دەرکردنی میرنشینی کۆنەدوژمن و نەیار، پێنجەم پاراستنی پێگەی خۆیان، شەشەم ڕەچاوکردنی ئامانج و ئاکامی ڕووداوەکان. سەرەڕای ئەم هۆکارانە میرنشینە کوردییەکان هەرگیز بە تەواوی ملکەچ و گوێڕایەڵی ناوەند نەبوون.

٦. بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خێڵ و میرنشین لە کوردستاندا، بەچاوپۆشین لەوەی کە بووەتە هۆی دەرکەوتنی ناسنامەی عەشیرەت وەک شوناسی سەرەکی کورد، بەڵام لە بابەتی یەکریزی و تەبایی، هەردەم قورسایی خۆی هەبووە.

٧. کەوتنی میرنشینەکان بە شێوەی کاتی بووە ودوای ماوەیەک دیسان هەستاونەتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


مەدەنی، حوسێن،١٣٨٠. *کوردستان و ستراتێژیی دەوڵەتان. بەرگی دووەم*، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

خانی،ئەحمەد، (٢٠٠٨ز). *مەم و زین*. چاپی دووهەم المحرر هەولێر: ئاراس.

شەمسی محەممەد، ئیسکەندەر،(٢٠٠٩ز). *مێژووی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا*. هەولێر: ئاراس.

مستەفا ئەمین، نەوشیروان، (٢٠٠٥ز). *کورد و عەجەم*. سلێمانی:سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.

ئەلحوسەینی عەلی نەقی، (٢٠٠٢ز). *مێژووی ٦٤١ فەرمانڕەوایی ئەردەڵانەکان*. سلێمانی: سەردەم.


## سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:


حسینی استرآبادی، سید حسن بن سید مرتضی، (١٣٦٤ه.ش). از شیخ صفی تا شاه صفی. تهران: انتشارات علمی

ابن منوچهر, محمد "مصنف", ٢٥٣٦ شاهنشاهی. *لبالتواریخ*. تهران: کانون خانوادگی اردلان.

اردلان, شیرین, ١٣٧٨. *خاندان کرد اردلان در تلاقی امپراطوری‌های ایران و عثمانی*. تهران: نشر تاریخ ایران.

بدلیسی, شەرەفخان, ١٣٤٣. *شرفنامه*. تهران: نشر علمی.

برن, رهر, ١٣٤٩. *نظام ایالات در دوره‌ی صفویه*. تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب.

بیانی, خانبابا, ١٣٥٣. *تاریخ نظامی ایران (در دوره‌ی صفویه)*. تهران: انتشارات ستاد بزرگ ارتشتاران.

بیگ‌منشی, اسکندر, ١٣٥٠. *تاریخ عالم‌آرای عباسی*. تهران: انتشارات امیرکبیر.

توحدی (اوغازی), کلیم الله, ١٣٦٤. *حرکت تاریخی کرد به خراسان*. مشهد: چاپخانه‌ی دانشگاه فردوسی.

چلبی, اولیا, ١٣٦٤. *کرد در تاریخ همسایگان (سیاحتنامه‌ی اولیاء چلبی)*. ارومیه: انتشارات صلاح‌الدین ایوبی.

حسن‌زاده, اسماعیل, ١٣٧٩. *حکومت ترکمانان قراقوینلو و آق‌قوینلو در ایران*. تهران: انتشارات سمت.

روژبیانی، محمدجمیل ، ١٣٨١. فرمانروایی مکریان در کردستان، تهران، نشر آنا، چاپ اول

روملو، حسن، ١٣٤٢. *احسن التواریخ*. تهران: انتشارات کتابخانه‌ی شمس.

ریاحی, محمدامین, ١٣٧٩. *تاریخ خوی*. تهران: طرح نو.

زکی‌بیگ, محمدامین, ١٣٨١. *زبده‌ی تاریخ کرد و کردستان*. دوم، تهران: انتشارات توس.

سنندجی, میرزا. شکرالله, ۱۳٦۳. *تحفەی ناصری*. تهران: امیرکبیر.

سیوری, راجر, ۱۳۷۸. *ایران عصر صفوی*. چاپ هفتم تدوین تهران: نشر مرکز.

*شامی، نظام الدین*، ۱۳٦۳، *ظفرنامه، به کوشش محمد احمد پناهی، سمنانی، تهران.*

شیبانی, م., ۱۳٤٦. *عالم‌آرای صفوی (تشکیل شاهنشاهی صفویه)*. تهران: دانشگاه تهران.

صفوی, طهماسب بن اسماعیل, ۱۳٦۳. *تذکرەی شاه طهماسب*. دوم تدوین تهران: بی نا.

فلسفی, نصرالله, 1401. *زندگانی شاه عباس اول*. سری چاپ سوم تدوین تهران: انتشارات نگاه.

قاضی, محمدشریف، ۱۳۸۷. *زبدةالتواریخ سنندجی*. سنندج: انتشارات توکلی.

قمی, قاضی احمد, ۱۳۵۸. *خلاصةالتواریخ. ج اول*، تهران: انتشارات دانشگاه.

کردستانی, محمدمروخ, ۱۳۸۰. *تاریخ مردوخ. تهران*: کارنگ.

مشکور, محمدجواد، ۱۳۹۹. *تاریخ ایران‌زمین*. تهران: انتشارات اشراقی.

منجم, محمدبن عبدالله, ۱۳٦٦. *تاریخ عباسی یا روزنامەی ملاجلال*. تهران: وحید.

نوایی, عبدالحسین و غفاری‌فرد عباسقلی, ۱۳۸۱. *تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی و فرهنگی ایران در دورەی صفویه*. چاپ اول تدوین تهران: انتشارات سمت.

*نوايي، عبدالحسين، ۱۳۵۰ ، شاه طهماسب صفوي. تهران: انتشارات بنياد فرهنگ ايران:*

### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

اســـــکندر، س.، ۲۰۰۵. *قیام النظام الأماراتی فی کردســـــتان و ســـــقوطة بغداد*. مکان غیر معروف:دارالشئون الثقافیة العامه.

ابن اثیر، ۱۹٦۵، الکامل فی التاریخ، بیروت

خضـری، ا.، قائدان، ا. و آیینەپور، س.، ۲۰۱۲. "دورالأمارة اردلان فی الصـراع اصـفوی االعثمانی". *مجلة العلوم الأنسانیة الدولیة*، ۱۹(۱، ۲)،

### گۆڤار:

کجباف, ع., میرجعفری, ح. & نوری, ف., ۱۳۹۰. "بررسی روابط سیاسی والی‌نشین اردلان با حکومت صفویه". *پژوهش‌های تاریخی*, بهار.شمارەی اول(۱).

منصـــور بخت، قباد و ســـعیدی، مدرس « تاثیر تنش میان صـــفویه و عثمانی بر جایگاه امیرنشـین اردلان»، فصـلنامه تاریخ اسـلام و ایران، دانشـگاه الزهرا، شـماره ۲۲، تابسـتان ۱۳۹۳ش.

سـعیدی، مدرس، مقاله « روژگی»، دائره المعارف بزرگ اسـلامی، ج۲۵، مرکز دائره المعارف بزرگ اسلامی، تهران ۱٤۰۲ش؛

## پەراوێز

[١] لە هۆزە کوردەکانی ناوچەی دیاریەکرن

[٢] قەرەقۆیونلوەکان، هۆزێکی کۆچەری دەسەڵاتداری تەرکمان بوون کە ئایینی شیعەیان هەبوو و نزیکەی سەدەیەک(سەدەی پانزەی زایینی/نۆینک) حوکمڕانی ڕۆژئاواو باکووری ڕۆژئاوای ئێرانیان دەکرد.(مەڕ ڕەشەکان)

[٣] ئاق قۆیونلوها ناوی یەکێک لە ئیمپراتۆریەتەکانی تورکیایە کە لە ساڵی ١٣٧٨ی زایینی دامەزراون و بۆ ماوەی ١٣٠ ساڵ حوکمڕانییان کردووە و فەرمانڕەوایی بەشێک لە ناوچەکانی قەفقاز و ڕۆژهەڵاتی تورکیا و باکووری ئێرانیان کردووە.(مەڕ سپییەکان)

[٤] سیاسەتی زەوی سووتاو ستراتیژییەکی سەربازییە کە بە واتای لەناوبردنی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستی هێزی دوژمندایە. ڕەنگە ئەم سیاسەتە بۆ هێزێکی داگیرکەر کە لە خاکی ناوخۆدا پێشڕەوی دەکات، جێبەجێ بکرێت.

[٥] حوسێن بەگی شەمالو فەرماندەی قزڵباش بە ڕەچەڵەک تورکمان لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەمدا، لە پلە باڵاکانی حکومەت بووە. حوسێن بەگ سەرەتا و لە تەمەنی هەرزەکاریدا مامۆستا و ڕاهێنەری ئیسماعیلی یەکەم بووە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش نازناوی حوسێن بەگی لەلە(ڕاهێنەر) لێنراوە.

[٦] حاکم الدین" ئیدریس کوڕی حیسام الدین عەلی بەدلیسی، مێژوونووسی کورد، لە دەرباری ئاق قۆیونلوو، سوڵتان بایزیدی دووەم و سوڵتان سەلیمی یەکەم خزمەتی کردووە. ڕۆڵێکی بەرچاوی لە یەکخستنی میرانی کورددا هەبووە.

[٧] بۆ ئاگادار بوون لە وردەکاریی شەڕی چاڵدیران ئەم دوو پەڕتووکە پێشنیاز دەکرێت: ١- "جنگ چالدران"، نووسینی محەممەد عەلی اکبر پووری، بڵاوگەی"خانه تاریخ و تصویر ابریشمی" ٢- "حقایق جنگ چالدران" هەر لەو نووسەرە و لەو بڵاوگەیە.

[٨] وێدەچێ مەبەستی تەنگیسەر بێت.

[٩] ناسراو بە پەیماننامەی فەرهاد پاشا یان پەیماننامەی ئەستانە

[١٠] ڕێککەوتنی زەهاو یان ڕێککەوتننامەی قەسری شیرین ڕێککەوتنێکە کە لە ١٧ی ئایاری ساڵی ١٦٣٩ ز لە شاری "قەسری شیرین"ی کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان سەفەوییەکانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا واژۆ کراوە.

**Relations of Kurdish emirates with the Safavid state From the appearance of the Safavids to the Treaty of Peace of Zahaw (1501-1639)**

**Abstract:**

One of the events that had a direct impact on Kurdish politics, culture, society and the fate of the Kurdish emirates was the emergence of the Safavid Empire. The emergence of this violent state was able to change the direction of the Kurdish tribes and push their emirates into chaos. In this study, the context of the formation of the Safavids, their relationship and influence on the Kurdish principalities and the political, administrative and cultural fate of Kurdistan will be investigated in detail in terms of historical documents and books.

According to the results of this study, the emergence of this state, which was based on a different ideology from the Kurds and the people of the region, until reaching the peak of power, had many ups and downs It gives the formation of that state.

**Keywords:** *Kurds, Kurdish emirates, Safavids, Ottomans, Treaty of Zahaw*